توێژینەوە

# ڕۆژنامەی ئەهلی لەباشوری کوردستان ١٩٩٤ – ٢٠٠٢

هێرش ڕەسوڵ

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی بەدرخان ژمارە (٥٩)

- **کتێب:** رۆژنامەی ئەهلی لە باشوری کوردستان (١٩٩٤ ـ ٢٠٠٢)
- **نووسینی:** هێرش رەسولّ
- **بابەت:** توێژینەوە
- **پیتچنین:** محەمەد بابۆلّی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** تەها حمەنوری
- **دیزاینی بەرگ:** سەیوان سەعیدیان
- **چاپ:** چاپخانەی روون
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- چاپی یەکەم / ٢٠٠٦ / سلێمانی
- ژمارەی سپاردن: (    )ی ساڵی ٢٠٠٦ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە.

**پێشکەشە بە:**

- دایك و باوکم، خوشك و براکانم.. کە هەژدە ساڵە چاوەڕێن کوڕەکەیان خوێندن تەواوبکات و ببێت بە شتێك!
- هاوڕێیانم.

# سەرنجێك

خوێنەری ئەزیز:

**ئەم کتێبەی بەردەستت توێژینەوەیەکی ئەکادیمیە، کە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٣–٢٠٠٤) لە بەشی راگەیاندن–کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی تەواوکردنی دواقۆناغی خوێندنو وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی راگەیاندن–رۆژنامە پێشکەشکراوە.**

# ناوەرۆك


| ل | بابەت |
|---|---|
| 6 | **پێشەكی**.............................................................................. |
| | **بەشی یەكەم:** |
| 10 | باسی یەكەم: **رۆژنامەو رۆژنامەی ئەهلی**.................................. |
| 10 | تەوەری یەكەم: **سەرەتایەك دەربارەی پێگەی رۆژنامە لەكۆمەڵگادا.....** |
| 15 | **تەوەری دووەم: رۆژنامەو رۆژنامەی ئەهلی**............................................... |
| 21 | **تەوەری سێیەم:** رۆژنامەی ئەهلی لەجیهانی سێیەمدا.................................... |
| 25 | **باسی دووەم:** "كوردستان" یەكەمین رۆژنامەی ئەهلیی كوردی ١٨٩٨–١٩٠٢............. |
| 25 | **تەوەری یەكەم:** هەلومەرجی سیاسیی و ئابوریی و كۆمەڵایەتیی و رۆشنبیری دەرچوونی....... |
| 38 | **تەوەری دووەم:** كاریگەری رۆژنامەی (كوردستان) لەبزاڤی رۆژنامەگەریی كوردیدا......... |
| | **بەشی دووەم:** |
| 49 | **باسی یەكەم:** هەلومەرجی سیاسیی و ئابوریی و كۆمەڵایەتیی و رۆشنبیریی باشوری كوردستان ١٩٩٤–٢٠٠٢................................................................ |
| 58 | **باسی دووەم:** رۆژنامەی ئەهلیی و كۆمەڵگای كوردی........................................... |
| | **بەشی سێیەم:** |
| 65 | **باسی یەكەم:** رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری كوردستان ١٩٩٤–٢٠٠٢....................... |
| 65 | **تەوەری یەكەم:** رۆژنامەی ئەهلیی و ئەزمونی كوردی.......................................... |
| 70 | **تەوەری دووەم:** رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری كوردستان و لۆژیكی رەخنە................. |
| 73 | **باسی دووەم:** كاریگەری رۆژنامەی ئەهلی لەبزاڤی رۆژنامەگەریی كوردیدا................ |
| 77 | **ئەنجام**......................................................................... |
| 80 | **لیستی سەرچاوەكان**.......................................................... |

# پێشەکی

کۆمەڵگای ئێمە لەو سیانزە ساڵەی دواییدا خاوەن دۆخێکی جیاوازو تایبەتە، کەلەدەسەڵاتی تۆتالیتاریی بەعسەوە هاتۆتە ناو سیستەمی دەسەڵاتی کوردییەوە، کەتیایدا هێزە سیاسییەکانی کورد نوێنەرایەتی ئەو دەسەڵاتە دەکەن، ئەگەرچی دواجار بەگوێرەی یەکلاییکردنەوەی ململانێکان لەرێگەی شەڕەوە، ئەوەی ناوی (حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق)ی لێنراوە دابەشبوو بەسەر دوو ئیدارەو، هەرئیدارەی لەهەرێمێکی جیاوازدا هێزێکی جیاواز بەڕێوەی دەبرد، لەو هەلومەرجەدا بوونی (رۆژنامەی ئەهلیو ئازاد) یەکێك دەبێ لەپێویستیە گرنگەکانی کۆمەڵگای کوردی، کەتوانای رەخنەو گەشەپێدانی سیما جوانەکانی گوتارێکی مۆدێرنی کۆمەڵگای هەبێت، گەرچی تائێستا لای ئێمە ئەم ئەزموونە نەگەیشتۆتە سەر ئامرازەکانی تری راگەیاندن، بەڵام (رۆژنامەی ئەهلی) بەو تەمەنە کەمەوە توانیویەتی ببێتە جێی سەرنجو مایەی دیالۆگ، هەرچەند ئەمەش بەو مانایە نایەت کەخاڵی بێت لەخاڵی نێگەتیڤ، بۆیە ئەزموونی رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری کوردستان بەهۆی سەرەتایی بوونیەوە پێویستی بەقسە لەسەرکردنی بەردەوام هەیە، بەتایبەت لەو نێوانەدا کۆمەڵێك دەمامك خۆیان دەخزێننە بوارەکەو، جیاکردنەوەو ناسینەوەی سیما راستەقینەکانو دەمامکە درۆیینەکان کارێکی ئەوەندە ئاسان نیە، ئەگەرچی بۆ ئەو ئەزموونە هێشتا زووە

گومـان لەئـەهلیبوونی زۆر پـرۆژە بکـەین، بـەڵام دەکـرێ خوێندنـەوەی رەخنەیی بۆ بەشێکیان ئەنجام بدەین.

ئامانج لەم توێژینەوەیە دروستکردنی دیالۆگێکی هێمنانەیـە لەمـەڕ رۆژنامەی ئەهلی وەك ئۆرگانێکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنیو سـەرەتایەك بۆ بنیادنانی سەکۆی ئازاد بـۆ دەنگـی هاووڵاتیـانی باشـوری کوردسـتان، لەبەرئەوەی ناتوانرێ باس لە دیموکراسیو سیستمی دیموکراسی بکرێت، بەبێ بوونی رۆژنامـەی ئـەهلیو سـەربەخۆ بـەجۆرێ کـە ئـازادیی گـەڕانو پشکنینو چاودێریکردنی بۆ فەراهەم کرابێت.

گــەورەترین گرفــت کــە لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا رووبــەڕووم بــوەوە مەســەلەی کــەمی سەرچــاوە بــوو، بەتایبــەت بــەزمانی کــوردی، ئەمــەش رەنگـە لـەتازەیی ئەزموونەکـەوە هاتبێـت، وێـڕای ئـەوەی بەزمانـەکانی تریش، تەنانەت لە سایتەکانی ئینتەرنێتیش هـیچ بـاسو توێژینەوەیـەکی ئـەوتۆم بـەناوی (رۆژنامـەی ئـەهلی)یـەوە نەدۆزییـەوە، ئەمـەش لـەوەوە سەرچـاوەی گرتـووە کـە ئیشـکالیەتەکە لـە ناونانەکەوەیـەو لـەوڵاتانی پێشـکەوتوودا شـتێك نیـە بـەو نـاوەوە، چـونکە لـەوێ رۆژنامـە خـۆی سەربەخۆو ئازادە.

بەشەکانی توێژینەوەکەمان بەسەر سـێ بەشـی سـەرەکییدا دابـەش کردووە کەلەهەریەکێکیاندا باسو تەوەری تایبەتی لێدەبێتەوە؛

**بەشـی یەکــەم**: بەشـێوەیەکی گشـتی لـەدوو بابـەت دواوم، رۆژنامـەو رۆژنامەی ئـەهلی، هەلومەرجـە جیاوازەکـانی دەرچـوونی یەکــەمین رۆژنامـــەی ئـــەهلیی کـــوردی (کوردســـتان)و کاریگەری لەبزاڤی رۆژنامەگەریی کوردیدا.

**بەشی دووەم**: لەدووباسی جیاوازدا تیشـکم خسـتۆتە سـەر، هەلومـەرجی سیاسـیو ئـابووریو کۆمەڵایـەتیو رۆشـنبیریی باشـوری کوردستان، رۆژنامەی ئەهلیو کۆمەڵگای کوردی.

**بەشی سێیەم**: کەدوا بەشی توێژینەوەکەمە، تەرخانە بۆ مەبەستی سەرەکی بابەتەکەو تیایدا وێڕای ئەوەی باسم لە رۆژنامەی ئەهلیو ئەزموونی کوردیی، رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری کوردستانو لۆژیکی رەخنە کردووە، هەوڵم داوە لەکاریگەری رۆژنامەی ئەهلی-یش بدوێم لەبزاڤی رۆژنامەگەریی کوردیدا.

هەروەها مەبەستم لەدەستنیشانکردنی سنووری توێژینەوەکە سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەی ئەهلییە لە باشوری کوردستان کەدەگەڕێتەوە بۆ ١٩٩٤/٨/١٥ کەتیایدا یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی (ئەمڕۆ) کەیەکەمین رۆژنامەی ئازادە، لەشاری هەولێر دەرچووەو تاکوساڵی ٢٠٠٢م وەرگرتووە کەدەکاتە ماوەی پێش گۆڕانکاری لەعێراقو رووخانی رژێمو هاتنی هێزی هاوپەیمانان. باشوری کوردستان-یش لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەیە بۆ ئەو بەشە ئازادکراوەی کە لەئازاری ١٩٩١-ەوە کورد خۆی حوکمی خۆی دەکات.

ئەو میتۆدەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتووە، رێبازی وەسفیو رەخنەییەو هەوڵدراوە لەو دەلاقەیەوە لەبابەتەکە بڕوانرێت.

ئەوەی ماوەتەوە لەوپێشەکیەدا بینووسم، بەهیوام توانیبێتم لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە کەمێك دەرگام لەسەر بابەتێکی ئاوا گرنگو هەستیار ترازاندبێت، گەر بارتەقای روانینێکیش بێت لەلاوە !

**هێرش رەسوڵ**
**٢٠٠٤**

# بەشی یەکەم

## باسی یەکەم
## رۆژنامەو رۆژنامەی ئەهلی

### تەوەری یەکەم
### سەرەتایەك دەربارەی پێگەی رۆژنامە لە کۆمەڵگادا

### تەوەری دووەم
### رۆژنامەی ئەهلیو رۆڵی لە کۆمەڵگادا

### تەوەری سێیەم
### رۆژنامەی ئەهلی لەجیهانی سێیەمدا

## باسی دووەم
## ( کوردستان ) یەکەمین رۆژنامەی ئەهلیی کوردیی ١٨٩٨-١٩٠٢

### تەوەری یەکەم
### هەلومەرجی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی دەرچوونی

### تەوەری دووەم
### کاریگەری رۆژنامەی ( کوردستان ) لە بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردیدا

# بەشی یەکەم

## باسی یەکەم:
## رۆژنامەو رۆژنامەی ئەهلی

### تەوەری یەکەم:
### سەرەتایەك دەربارەی پێگەی رۆژنامە لەکۆمەڵگادا

وەك دەروازەیەك بۆچونە نێو بابەتەکەمان، پێموایە پێویستیمان بە گەڕانەوەیەکی مێژوویی دەبێت بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی رۆژنامە لە دنیاو چەسپاندنی پایەکانیو دامەزراندنی پێگەی خۆی لە کۆمەڵگادا، لەگەڵ ئەوەی سەرەتای مێژووی راگەیاندن بەگشتی لە دنیادا بە شێوەیەکی زانستیانەی یەکلاکەرەوە رۆشن نیە، بەڵام دەکرێ بڵێین، ئەو مێژووە هاوتایە لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیو بە شێوەیەکی تەریب بە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتیش رێی کردووە، هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە کە دەوترێ،"رۆژنامە ئەوەندەی دنیا کۆنە"[1]، هەرچەندە ئەمە مێژوونووسانی ساردنەکردۆتەوە لە گەڕانیان بەدوای سەرەداوەکانی ئەم بوارە مرۆییو کۆمەلأیەتیە، ئەمەش وێڕای جیاوازی بیرو بۆچوونەکانیان لەمەڕ دیاریکردنی یەکەمین رۆژنامە لە جیهاندا،

[1] اميل بو اظان: تاريخ الصحافة، ترجمة: محمد اسماعيل محمد، دار المصرية للطباعة و النشر، الاسكندرية، ١٩٤٩، ص١١.

لەناویانــــدا هەریەکـــەی بـــۆ ســـەردەمو ژینگەیـــەکی دیـــاریکراوی دەگەڕێنێتەوە*، دیارە جیاوازی ئـەو راو بۆچـوونانەش بـە پلـەی یەکـەم سەرچاوەکەی نەبوونی هۆکارەکانی پەیوەنـدیکردنو گەیانـدنو سـەختی هاتوچۆ لـە نێـوان ناوچـە جیاجیاکـانی دنیـاو بێئاگـاییو لەیـەك دووری کلتورو شارسـتانێتی کۆمـەڵگا مرۆییەکانـە، بـەڵام (رۆژنامـە) بـە چـەمكو تێگەیشتنی سەردەم لە پاش داهێنانی ئامێری چاپخانەوە دێت کە زانـای ئەڵمانی جۆهان جنسـفلیس (گۆتـەنبێرگ) لـە سـاڵی ١٤٣٦ بـۆ یەکـەمجار هێنایەکایـەوە، بـەم وەرچـەرخانە گرنگـەش "شۆڕشـی رۆژنامەگـەری بـەرپابوو"[٢] و ئـیتر لێـرە بـەدواوە چـاپەمەنی دەرکـەوتو بەشـێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کرد.

"لەســادەترین پێناســدا رۆژنامەگــەریی بــەو چــالاکیە تایبەتــە دەگوترێت کـە سـەرقاڵی کۆکردنـەوەو رێکخسـتنو چـاپو بڵاوکردنـەوەی هەواڵو رووداوو بۆچوونو سەرنجە نەناسراوو جیاوازو هەنوکەییەکانی نـاو کۆمەڵگایە، بەشێوەیەکی خێراو لەکورتترین ماوەدا بەمەبەستی گەیانـدنی بەگـەورەترین ژمـارە لەخوێنـەران. بەمانایـەکی دیکـە رۆژنامەگـەری ئـەو چالاکییەیە کەتاکە کەسو هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگایەك لەکۆی ئـەو شتانە ئاگادار دەکاتەوە کەلـەو کۆمەڵگایـەدا ڕوودەدەن، ئـەو ناوەندەیـە کەتێیــدا کۆمــەڵگا خــۆی نیشــانی خــۆی ئــەدات، لەوێنــەو دەرکــەوتو مـەوداکانی خـۆی دەڕوانێـتو بـەکۆی ئـەو راوبۆچـوونو سـەرنجو دیدانـە ئاشنا دەبێـت کـەهێزە جیاوازەکـانی نـاو ئـامێزی هـەڵیانگرتووە. رەنگـە میتــافۆری ئاوێنــە باشــترین شــتێکبێت رۆژنامەگــەریی پــێ بچــوێنرێت: رۆژنامەگـەریی ئـەو ئاوێنـە رەمزییـە گەورەیەیـە کـە بەکۆمـەڵگا وێنـە جیاوازەکانی خۆی نیشان ئەدات".[٣]

---

*لە پێناو دوورنەکەوتنەوەمان لە ئەسڵی بابەتەکە، لێرەدا ئەو بیروڕایانە ناخەینەروو.

[٢] امیل بواڤان: هەمان سەرچاوە، ص١٤.

[٣] هـاوڵاتی (رۆژنامـە)' ژمـارە (٩٨)، دووشـەممە ٢٠٠٢/١١/١١، مـەریوان وریـا قـانیع: رۆژنامەنووسو حیزب کێشەی مامەڵەکردنی رۆژنامەنووس وەك فەرمانبەر، ل٩.

هەروەها لە کتێبی(رێنمای رۆژنامەنووسان)دا کە بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی لە یەك بەرگدا بلاّوکراوەتەوە، پێناسەی رۆژنامە بەمجۆرە هاتووە،"ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی هەواڵەکانو، شیکارییەکانو بۆچوونەکانو، هەندێ جاریش پڕوپاگەندەی دیاریکراو بلاّودەکاتەوە، بەگشتی رۆژانە یاخود هەفتانە یاخود مانگانە دەردەچێ. دەشێ لە شێوەی چاپکراودا بێت، یاخود لە رێگای رادیۆ یان تەلەفزیۆنەوە بخوێنرێتەوە، یاخود لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بلاّوکرابێتەوە"[٤].

گرنگیو بایەخی یەکەمیشی هەر لە وەزیفەی یەکەمیدا چڕ دەبێتەوە کە بریتییە لە زیادکردنی ژمارەی خوێنەر بە هەواڵو زانیاریو، ئاگادارکردنەوەیان لە رووداوەکانی دەوروبەر، ئەوەتا (تۆماس جیڤرسۆن) یەکێك لە سەرۆکەکانی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرنگی رۆژنامە لەو خاڵەدا دەبینێت کە راشکاوانە دەڵێت، ئەگەر سەرپشکم بکەن لە هەڵبژاردنی یەکێك لە: حکومەتێکی بێ رۆژنامەو رۆژنامەیەکی بێ حکومەت، بێ هیچ دوو دڵییەك ئیختیاری دووەم دەکەم[٥].

دەتوانین لە خاڵێکی دیکەدا پێگەی رۆژنامە لە کۆمەڵگادا بەوە دیاری بکەین کە رۆژنامەکان رەوتی ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگاکان دەنووسنەوەو تۆماردەکەنو سودێکی گەورەش بە بواری ئەرشیف دەگەیەنن، دواجاریش دەبنە بەڵگەنامەی ناراستەوخۆ بۆ توێژینەوە مێژووییو کۆمەلاّیەتییەکانو دەکرێ لە لاپەڕەی رۆژنامەکانی ئەو سەردەمانەوە لە رابردووی رەگەزە گرنگەکانی (شوێن، کەس، رووداو) بکۆڵرێتەوە، دیارە بەر لە هەموو شتێك ئەم راستیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەهای رۆژنامە لە ترس لێیو سڵ لێکردنەوەیەتی، ئەمەش

---

[٤] د. صلاح عزیز (نووسینو وەرگێڕان): رێنمای رۆژنامەنووسان، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە: محسن ئەدیب، لە بلاّوکراوەکانی ASK، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢، ل٩.

[٥] حمە صالح فەرهادی: چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسی کوردی، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٨٨، ل٩.

پەیوەندی بەوەوە هەیە کە رۆژنامە هەست بکات پچڕانێك یان کەلێنێك لەنێوان هاوولاّتیو شەقامدا هەبێت، هەلّدەستێت بە پڕکردنەوەی، کە ئەمەشی کرد، دەبێتە بکەرێکی ئەکتیڤو، پەیوەندییەکی چالاك لە نێوان هاوولاّتیو شەقامدا دروستدەکات.

لەبەر ئەمە هەلاّیسانی (شۆڕشی رۆشنبیری لە ئەلّمانیا) بە رێبەرایەتی (هیگڵ)ی فەیلەسوفی ئایدیالیستیو، بەرپابوونی (شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا)و هاتنەپێشەوەی سیستەمی بۆرژوازیو دروستبوونی ژمارەیەکی زۆر فابریكو راکردنی جوتیاران لە کارگەکاندا لە شارو، خولّقاندنی (بزوتنەوەی رۆشنگەری لە فەرەنسا) دا، کە دواتر لە بۆتەی (شۆڕشی گەورەی فەرەنسی١٧٨٩) دا خۆی بینیەوە لەلایەن چینی بۆرژوازیو دژی رژێمی دەرەبەگایەتیو دەسەلاّتی کەنیسەو دەزگا ئۆرۆستوکراتیەکانەوە بەرپابوو بوو[٦]، کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە گەشەسەندنی بواری رۆژنامەنووسیو، والاّکردنی پەنجەرەکانی روانین بەسەر کۆلاّنەکانی ئازادییە سروشتیەکانی مرۆڤ، کردنەوەی دەرگا کلۆمدراوەکان بە رووی خەلّكو دەنگی خەلّکدا.

هەر لەو روانگەیەشەوە بوو رۆژنامە لە ئەوروپا، بەتایبەت دوای شۆڕشی فەرەنسی پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، لەبەرئەوەی شۆڕشی فەرەنسی دروشمی (ئازادی، برایەتی، یەکسانی)بەرزکردەوەو توانی رووبەڕووی ستراتیژی بەرگرتن لە ئازادیو، سیاسەتی سانسۆرو دەسەلاّتی سەرکوتکەرانەی پاشایەتی ببێتەوەو کۆتایی بە سیستەمی ئۆرۆستۆکراتیی چەند سالّەی فەرەنسا بهێنێت، هەر لەنێو ئاماژەکانی ئەو چەمکانەدا گرنگیدان بە هاوولاّتی ئەوروپاییو شۆڕشی پیشەسازی دەرکەوتن، تەکنیكو بازاڕو بەرهەمو دەستخستنی کەرەستەی خاو هاتنە کایەوە، هێزی کاریگەرو سەرمایەداری گەورە پەیدا بوون.

---

[٦] د.سەلام فەرەج: رێبازی رۆمانسی، چاپەمەنیو کۆمپیوتەری دێبەر، سلێمانی، وانەکانی کۆرسی خوێندنی ٢٠٠٠–٢٠٠١ ی بەشی کوردیی کۆلێژی زمان– زانکۆی سلێمانی، ل١.

هەر لە تونێلی ئەم روداوو گۆڕانکارییە گەورانەوە بوو لە ساڵی ١٧٧١ دا بۆیەکەمجار زاراوەی (دەسەڵاتی چوارەم) بۆ رۆژنامەو رۆژنامەگەری بەکارهات[٧].ئەوەتا (هربرت بروکر) ی سەرنووسەری رۆژنامەی (هارتفورد کوران) وتویە،" لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا حکومەتی نیشتمانی بە تەنیا لە هەر سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێ کردن، داد) پێکنەهاتووە، وەك ئەوەی لە خوێندنگاکاندا فێریان کردووین، بەڵکو دەسەڵاتی چوارەمیش هەیە کە نارەسمی (مەعنەوی)یە ئەویش رۆژنامەنووسیەو، بەبێ ئەم رەگەزە سێ دەسەڵاتەکەی تر کارەکانیان لە کۆنگرێس‌و سەرۆکایەتی‌و دادگا رایی ناکرێت "[٨].کەئەمەش ئاماژەیە بۆ بەهێزی پێگەی رۆژنامە لە کۆمەڵگاو کاریگەربوونی بەسەر کایە جۆراوجۆرەکاندا.

[٧] ژان پۆڵ مارسۆز: هەقتە بزانی، وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: شێرزاد حەسەن، چاپخانەی هەواڵ، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری – بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ‌و بڵاوکردنەوە، زنجیرە ٨، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١٠٢.
[٨] ف. فريزر بوند: مدخل الى الصحافة، ترجمة: راجي صهيون، ط١، منشورات مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، بيروت، مطابع مؤسسة أزبدران وشركائه، بيروت – لبنان، ١٩٦٤. ص٦٤.

## تەوەری دووەم:
## رۆژنامەو رۆژنامەی ئەهلی

بوونی هەلومەرجێکی کۆمەلآیەتیی ئازاد، رەخسانی دۆخێکە تیایدا دەنگە جیاوازەکان توانای رەخنەگرتنیان هەبێت لەو ساتەوەختە هەنوکەییەی وێنای گوتاری سیاسیو کۆمەلآیەتی کردووە، لەسەر ئەو باکگراوندە مێژووییەی کە خاوەن کلتورێکە لە زەبرو زەنگو چەپاندن، بۆیە گواستنەوە لە کۆمەلگایەکی داخراوەوە بۆ کۆمەلگایەکی کراوە پەیوەستە بە رەخنەگرتن لەو عەقلەی دەیەوێ لە ناو زەمەنی بیرکردنەوەی خۆیەوە کە ساتەوەختی ئێستایە، هەلسوکەوت لەگەل کۆمەلگادا بکات، نەوەك بیرکردنەوە بە ساتەوەختی مێژوویی بسپێرێت، بە پێی تێگەیشتنی رابردوو، بونیادەکان زیندوورابگرێت، بۆیە رەخنەگرتنو هەلوەشاندنەوەی ئەو بونیادە مێژووییانە پەیوەندیی بەو عەقلە تەئویلکارەوەیە کە تەئویل بۆ ئێستا دەکات، ئەو ئێستایەی دەبێت دابڕێت لە رابردوو، لەبەر ئەمەشە ئەو کۆمەلگایەی دەیەوێت بەرەو کرانەوە بچێت، دەبێت کۆمەلگایەکی رەخنەیی بێت، رەخنەش لەرێگای ئۆرگانەکانی کۆمەلگای مەدەنییەوە، (زانکۆو سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکانو میدیای ئەهلیو سەربەخۆو. . . ) رۆلی ئەکتیڤ دەبینن، بەهۆی بوونی کەشێك کە بواری ئازادیی تێدابێت، چونکە "ئازادی رۆژنامەنووسی بەشێکی دانەبڕاوە لەئازادییە گشتیەکانو مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ لەهەموو کاتو شوێنێکدا"(٩) و رەخنەگرتنە سیاسیو کۆمەلآیەتیەکانی کە بەیەکێك لە ئامرازە سەرەکیو بنەڕەتیەکانی حکومەتە دیموکراسیەکان دەژمێردرێت، بەبێ ئازادییەکی لەوجۆرە

[9] صلاح الدين حافظ: احزان حرية الصحافة، ط٢، منشورات مركز اهرام للترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٩٧، ص٢٣.

مەحاڵە. پاشان رەخنەی راگەیاندن دەکرێ ئازاد بێتو سنورداریەتێکی کەمتری هەبێت، چونکە ئازادی رەخنەو پێشنیازکردن بۆ دەسەلآت، هیچ مەترسیەکی بۆ ولآت نیە. تەنها رەنگە بەزیانی کۆمەڵە کەسێك بێت کەبە پێچەوانەی رای گەلو خواستی گەل، گەیشتونەتە ئەو پلەیە، ئازادی راگەیاندن بە مافێك لە مافەکانی گەل دەزانن‌و لەهەمانکاتدا ئەوە بە ئامرازێکی گونجاوو بەبەها دەزانن بۆ رێنمایی خۆیان، لەبەرئەوەی رەخنە، مایەی رۆشنبوونەوەی کارو کردەوەکانی دەسەلآتدارانەو وایان لێدەکات روونتر بیر بکەنەوەو عەقلآنیتر کاربکەن[10].

هۆی گرنگیدان بەئازادی رۆژنامەنووسی–یش دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی دیموکراسی، ئەو سیستمەی کە لەسەر پرەنسیپی (حوکمی گەل لەلایەن گەلەوە) دامەزراوەو تیایدا رۆژنامەوانی دەبێتە گرنگترین هۆکار بۆ رادەربڕین، بۆیە پیادەکردنی ئەم ئازادییە لەدیاردە هەرەدیارەکانی ئەو سیستمەیە،[11] بۆیە دەوترێ: دیموکراسیەتو ئازادیی رۆژنامەنووسی دوو چەمکی لێکجیانەکراوەن‌و هەریەکەیان ئەویتریان تەواودەکات.

زاراوەی ئەهلیو پرسیارکردن لەبارەیەوە جێی گرنگیدانە بەتایبەت بۆ کۆمەڵگایەك کە ئاشنایەتی لەگەڵ زاراوەیەکی لەمجۆرەدا کەمەو "بواری ئەزمونکردنی بۆ نەرەخساوە"[12].

لەمەوە هەوڵدەدەین چەمکی ئەهلیبوون بۆ رۆژنامە یان روونتر بڵێین، (رۆژنامەی ئەهلی) پێناسە بکەین، هەرچەندە لەچوارچێوەنانی چەمکەکان پرۆسەیەکی ئەستەمە، لەبەرئەوەی لەودیو هەموو پێناسکردنێکەوە مەترسی سادەکردنەوەی چەمکەکەو لەقاڵبدانی هەیە،

[10] دکتۆر عەباسعەلی سەحافیان: ئاشنابوون بە دیموکراسی، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێماني،٢٠٠٣، ل٤٦.
[11] د. عبدالله أسماعيل البستاني: حرية الصحافة، ط١، القاهرة، ١٩٥٠، ص١.
[12] هاوڵاتی (رۆژنامە)، ژمارە (سفر)، یەك شەممە ٢٠٠٠/١١/٥، رامیار مەحمود: رۆژنامەی ئەهلیو پرۆسێسی دیموکراسیەت، ل٢.

بــەلام ئــەم مەترســیە نابێــت روەو قســەنەکردنو پێنــاس نــەکردنی چــەمکەکەمان بــەرێت، بــەلکو بەپێچــەوانەوە دەبێــت بــەرەو دۆزینــەوەی ئاسۆی نوێمان بەرێت، کەواتە دەتوانین (رۆژنامەی ئەهلی) پێناسە بکەین بــەوەی، گروپێــك، کــەرتی تایبــەت، خــاوەن ســەرمایە، رۆژنامەیــەکی سەربەخۆ دەردەکەن، (سەربەخۆبوون) بەمانای پەیوەست نەبوون بەهیچ هێزێکی ئایدۆلۆژییەوە، بەلام دەکرێ ئینتیمـای فیکریـان هـەبێت، لەگـەلَ ئەوەی لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکە هەموو رەوتێکی هـزریو ئایـدۆلۆژی شـوێنێك بۆخۆیـان داگـیر بکـەن. یـان (رۆژنامـەی ئـەهلی) ئـەو کەنالّەیـە کەدەشـێ ســەرجەم چــینو توێــژەکانی کۆمــەلگا ســودی لێــوەربگرن، لەبەرئەوەی لەسەر بنچینەی ئازادیو ئازادی دژە بۆچوون بونیاد نراوە.

هــەرلێرەوە دەتــوانین بنــەما ســەرەکیەکانی (رۆژنامــەی ئــەهلی) لەچەندخالێکدا چڕبکەینەوە:

*رۆژنامـەی ئـەهلی بـەر لەهەرشـتێك دەبێـت لەسـەر ئـابوری سـەربەخۆو ئەهلی دامەزرابێت، تاکو ناچـارنەکرێت بچـێتە ژێربـاری هـیچ داواکـاریو داخوازییەکی هیچ حزبو هێزێکی ئایدۆلۆژی[١٣].

*خـالێکی دیکـەی گـرنگ لـەبارەی (رۆژنامـەی ئـەهلی)یـەوە، هـەروەك لەپێناسەکەشدا باسمانکرد بریتیە لەسـەربەخۆ بـوون، چـونکە "ئـەبێت لەیادمان بێت کە کەنالەکانی راگەیاندن تەنها کاتێك دەتوانن ئەم ئەرکـە سەرەتاییانە سەبارەت بە دیموکراسیەت جێبەجێ بکەن کەبەتـەواوەتی سەربەخۆبنو لەژێر کۆنترۆلی دەولـەت یـان بەرژەوەندیـە تایبەتیەکانـدا نەبن"[١٤]. بۆیە ئەو رۆژنامانـە بۆئـەوەی بتـوانن لەسـەر سـەربەخۆبوونی خۆیان سووربنو داکۆکی لێبکـەن، دەبـێ سـلّ نەکەنـەوە لـەو پەیامـەی

[١٣] بیـاڤ (گۆڤـار)، ژمـارە (٩)، بوهـارا ٢٠٠٢، رێـبین رەسـوڵ ئیسـماعیل: کۆمـەلگای مەدەنیو رۆژنامەگەری ئازاد، ل١٧٤.

[١٤] دێڤـد بێتهـام– کـوین بـۆیل: دیموکراسـی چـییە؟ (ئاشـنا بـوون بەدیموکراسـی)، وەرگێڕانـی: شـۆڕش جـوانڕۆیی، پێداچـوونەوەی: یوسـف زەلمـی، بەڕێوەبەرایـەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٣١.

ئاراستەی سیما دزێوەکانی هێزێك یان دەسەڵاتێکی دەکەن، هەروەك نابێت رەخنەکانیان لەسەر بنچینەی موجامەلەی سیاسی بێت بۆ لایەنێکی تر، لەبەر ئەوەی (سەربەخۆبوون) ئەوە نیە، مادام رەخنەت لەهێزێك گرت دەبێت هێزێکی تریش تاوانبار بکەیت، بەڵکو رەخنەکە لەوکاتەدا کوێر دەبێت، چونکە توانای بینینی تاوانی هێزێکی نامێنێت[١٥].

*دەبێ رۆژنامەی ئەهلی پێچەوانەی رۆژنامەی حزبی ئەوەندە کراوە بێت کەبتوانێت بازاڕ بۆخۆی بدۆزێتەوە، بێگومان دۆزینەوەی بازاڕو بەرزبوونەوەی تیراژیش هۆکارێکی گرنگو بنچینەییە بۆ بەردەوامیی رۆژنامە، کەئەمەش تەواو پێچەوانەی رۆژنامەی حزبییە کەلەبنەڕەتدا پشت بەبازاڕو بەرزبوونەوەی تیراژو داهاتی رۆژنامە نابەستێت.

*رەخنەگرتن لە گوتاری سیاسیو بونیادە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا دەبێتە یەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی رۆژنامەی ئەهلی (بەتایبەت رۆژنامەی ئەهلیی سیاسی)، ستراتیژی ئەو رەخنەیەش بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو کراوەیە، ئەو رەخنەگرتنەش نابێت لەسەر ئەو بنچینەیە بێت کەلەو رەخنەیەدا دەسەڵات بەرهەمدێنێت، بەواتایەکی دیکە ئۆپۆزسیۆنی رۆژنامەی ئەهلی دەبێت لەخەونی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەراندا بێت، نەك رەخنەکەی لەشەڕکردنی رۆژنامە لەگەڵ دەسەڵات سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو دەبێ بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی بەرامبەر بە کۆمەڵگا هەبێ.

*یەکێکی تر لەبنەماکانی (رۆژنامەی ئەهلی) بایەخدانە بەدەنگو رەنگە جیاوازەکان، ئەمەش بەرەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ بیروبۆچوونە جیاوازەکان دێتەدی، چونکە کاتێك کۆمەڵگا تەنها یەك دەنگی تێدا بو، واتا کۆمەڵگاکە نەخۆشەو ناتوانێ دەنگە جیاوازەکان قبوڵ بکات،

---

[١٥] کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (٣٢٤٤) یەکشەممە ٢٠٠٣/١٢/١٤، نیهاد جامی: رۆژنامەی ئەهلیو دۆڕاندنی متمانە، ل٧.

ئەمەش بەرهەمهێنانی یەك هەقیقەتییە لەبری فرە هەقیقەتی، کەدواجار دەبێتە تیرۆر لەناو نووسینو پرۆژەی کوشتنی فیکر بەرهەمدێنێت.

*رۆژنامەی ئەهلی سازش لەسەر هیچ کێشەو مەسەلەیەك ناکات، شتەکان بەئاشکرا دەخاتە روو، بۆ نمونە ئەگەر لەدانیشتنی دادگادا سازشی کرد، دەتوانێ کێشەکە بەسودی لایەك تەواو بکات، بەڵام ئەم کارەی بەدۆڕاندنی متمانەی خۆی تەواو دەبێتو رۆژنامەکە بەردەوامیی نابێت.

*کاتێك هەرکەسێك، گروپێك، کەرتی تایبەت بیری لەدەرکردنی رۆژنامەیەك کردەوە، دەبێ پێش هەموو شتێك ئەو پرسیارە لەخۆی بکات کە، ئایا دەتوانێ رق بکوژێ؟ بۆیە دەبێ واز لەوە بهێنێ چۆن دژایەتی نەیارەکانی بکات، چونکە رۆژنامەی ئەهلی نابێ بکەوێتە چوارچێوەی هیچ لایەنو هێزێکی سیاسی یان ئایدۆلۆژی.

بەپێی ئەم بنەما سەرەکیانەی سەرەوە، دەتوانین رۆڵی رۆژنامەی ئەهلی لە کۆمەڵگادا بەوە دیاریبکەین کە، "لەپێناوی رەخنەگرتن لەدەوڵەتو گەیاندنی هەواڵەکان بەخەڵکی بۆ ململانێ لەتەك مەیلەکانی دەوڵەت بۆ نهێنیکاریو، هاوسەنگکردنی بارستایی پەیوەندیە گشتیەکان پێویستن"[16]، چونکە کاتێك دەتوانین دەوڵەتێك بەدەوڵەتی بەرپرسیار ناوزەد بکەین، کە هاوڵاتیانی لە سیاسەتو جوڵانەوەکانی ئاگاداربنو لەرێگەی میدیا ئەهلیو سەربەخۆکانیشەوە رەخنەو راو بۆچوونەکانی خۆیان بخەنە روو.

بەمجۆرە ئەو رۆژنامە یان کەناڵانە دەبنە رایەڵی گواستنەوەی رای گشتی بۆ دەسەڵات، لەهەموو بارەکانیشدا رۆژنامەی ئەهلی بەبەشداریکردنی هاووڵاتی لەم بوارەدا وەك تەواوکەرو پشتگیریکەری پەرلەمان دەردەکەوێ بۆ ئەنجامدانی تاوو توێکردنو پێداچوونەوەی سیاسەتی دەسەڵات.

---

[16] دێڤید بێتهام– کوین بۆیڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

رۆژنامـەی ئـەهلی دەتوانـێ بەشـدارێکی چـالاك بێـت لەکۆمـەڵگادا، چونکە کـاری خـۆی دەزانێـتو تـاکتیکی ئەوەیـە ئـیش لەسـەر جیـاوازی بکـاتو ئەمـەش لەهـەموو مەتریاڵـە جیاجیاکانیـدا، هـەر لەهـەواڵو ڕێپۆرتاژەوە تا ستونو وتار ڕەنگدەداتەوە.

ڕۆڵـی رۆژنامـەی ئـەهلی لەکۆمـەڵگادا تـەواو ڕۆشـنە، لەبـەر ئـەوەی بەهیچ شێوەیەك هەوڵی بانگەشەکردن نادا بۆ گوتارێکی دیـاریکراو بەقـەد ئەوەی، پـاش هەسـتکردن بەکەلێنـەکانی نێـوان هـاوولاتیو شـەقام، ئـەو بۆشـاییانەی قسـەیان لێنـاکرێ، دێتـە قسـە، واتـا نـەوتراوێك هەیـەو، رۆژنامەی ئەهلی دەیکات بەوتراو، بۆیە "یـەکێك لەبەڵگـە نەویسـتە هـەرە سادەکانی ژیانی دیموکراسییانە ئەو راستییەیە، کە بەبێ رۆژنامەنووسیی سەربەخۆو رەخنەییو پشـکنەر، کـەئازادی گـەڕانو پشـکنینو چـاودێری کردنـی هـەبێت، بـەبێ رۆژنامەنووسـییەك لەدوورییـەکی تایبەتـەوە لـەڕووداوەکان بڕوانێـت بابەتییانـەو بوێرانـە شـتەکان بـاس بکـات، بـەبێ ناوەنـدێکی سیاسـیو سیسـتمێکی کولتـووریو پێکهـاتێکی کۆمەڵایـەتی، کەئامادەبێتو بـدوێتو بەئاشـکرایی باسـی کێشـەو گرفـتو توانـاو هێـزو نەخۆشیو لاوازییەکانی بکات، ناتوانین باس لە دیموکراسییەتو سیستمی دیموکراسی بکەین". [١٧]

[١٧] هـاولاتی (رۆژنامـە)، ژمـارە (٩٧)، دووشـەممە ٢٠٠٢/١١/٤، مـەریوان وریـا قـانیع: رۆژنامەنووسانی کوردستان لەنێوان حیزبو کۆمەڵگادا، ل٩.

## تەوەری سێیەم:
## رۆژنامەی ئەهلی لەجیهانی سێیەمدا

لەدواتەوەری باسەکەماندا (رۆژنامەو رۆژنامەی ئەهلی) رووبەڕووی دوو چەمك دەبینەوە، (رۆژنامەی ئەهلی، جیهانی سێیەم)، کەلەتەوەری پێشتردا بەکورتیو بەپێی پێویست هەوڵماندا پێناسەی (رۆژنامەی ئەهلی) بکەینو لەبنەما سەرەکییەکانی بدوێین، ئینجا لەبارەی رۆڵی لەکۆمەڵگادا بەشێوەیەکی گشتی بنووسین، بۆیە لەدەسپێکی ئەم تەوەرەیەدا پێویستیمان بەکورتە شیکردنەوەیەکی (جیهانی سێیەم) دەبێت وەك چەمکێکی فرە رەهەند.

هەرچەند لێکدانەوەی زۆر دەکرێت لەسەر ئەوەی چەمکی (دنیای سێیەم) مانای خۆی بەتەواوی نادات بەدەستەوەو زاراوەیەکی ورد نیە، چونکە جیاوازی زۆر لەنێوان ئەو دەوڵەتانەدا هەیە کە دەکەونە ناو بازنەی ئەو پێناسکردنەوەوە لەئاسیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقیاو ئەمەریکای لاتینو باسیفیك، بۆ نمونە هیچ لێکچونێك لەنێوان دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی پڕ لەنەوتی کەنداو لەگەڵ (هایتی) کەدەکەوێتە دەریای کاریبیو داهاتی تاك تێیدا کەمترین رێژەیە لەجیهاندا، نابینرێت! بەڵام لێکۆڵینەوە مێژووییەکان لەسەر ئەم زەوییەی لەسەری دەژین پێویستی ئەوەی تیایە لەکرۆکی مانای راستەقینەی چەمکی (جیهانی سێیەم) بگەین، لەبەر ئەوەی لەدواهەمین شیکردنەوەدا هەستدەکەین (جیهانی سێیەم) ئاستی دەرەکی ئەو سیستەمەیە کەلەسەرمایەداری جیهانیەوە بەرهەمهاتووە.

(ئیسماعیل سەبری) وەزیری پێشووی پلاندانانی میسر لە وتارێکیدا سەبارەت بە (دنیای سێیەم)و وێستگە مێژووییەکانی دەڵێت، "ئەم چەمکە بەشێوەیەکی ئاسان ئاماژە بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانە دەکات کە

لەکاتی پرۆسەی مێژوویی تایبەت بەسیستمی ئێستای جیهانی، نەیانتوانیوە ببنە دەولەتی پیشەسازیی دەولەمەند".[18]

ئەم دواکەوتنە ئابورییەش، هۆکاری کەوتنە دواوەوەیانە لەزۆر لەبوارەکانی تریشدا، خۆ رەنگە فاکتەری سەرەکیش ژێردەستەیی‌و چەوساندنەوەی نەتەوەیی، یان بەمانایەکی دیکە هۆی سیاسی بێت‌و، لەوێوە پەرپیبێتەوە بۆ کایە جۆربەجۆرەکانی دی، بۆیە پایەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەو وڵاتانەدا زەمەنی مێژوویی درێژخایەنتری گەرەکە بۆجێگیر بوون. راگەیاندن‌و کاری رۆژنامەنووسی–یش وەك دیارترین ئۆرگانەکانی ئەو کۆمەڵگایە، کەمتر بواری دەرکەوتن‌و رۆڵ بینینیان بۆ رەخساوە، بۆیە "گەران بۆ وەدەست هێنانی رۆژنامەوانی لەجیهانی سێیەمدا، کەلەبەرامبەر پێداویستی‌و ویستی وڵاتانی ئاسیایی‌و ئەفریقیایی‌و ئەمریکای لاتین‌و خەسڵەتە تایبەتییەکانی خەباتی ئەوان بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی نەتەوەیی‌و گەشەکردن‌و پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵایەتی ئەواندا هاوسەنگ بێ، هەروەکو هەموو زەمینەکانی سەربەخۆیی‌و پێشکەوتنیان، رووبەرووی کۆسپ‌و تەگەرەی جیاواز بوەتەوە".[19]

هەروا وێرای ئەوەی ئازادیی بیرکردنەوەو رادەربرین جەوهەری مانای سروشتی ئازادییەو مرۆڤ بەپێی سروشتی پێکهاتەکەی بیردەکاتەوەو مافی ئازادیی گوزارشتکردنیش رووی حەتمی بیرکردنەوەیە،[(20)] کەچی لەو

[18] البرت ل. هستر- وای لان ج. تو: دليل الصحفي في العالم الثالث، ترجمة كمال عبد الرؤف، دار الدولية للنشر، القاهرة، ١٩٨٨، ص٢٢.

[19] چەند نووسەرێك: جیهانی سێیەم‌و گەران بەدوای رۆژنامەوانیی ئازاددا، وەرگێرانی: د. هیمدادی حوسێن، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٧.

[20] عزيز السيد جاسم، مبادىء الصحافة في عالم المتغيرات، ط١، منشورات دار افاق عربية، بغداد، ١٩٨٥، ص٥٩.

ولآتانــەدا ئــازادیی رۆژنامەنووســیو بــیرورا هەمیشــە لــەژێر پرســیاری توندداید.

کەواتە (رۆژنامەی ئەهلی)یش بـەو مانـاو بنچینانەی لێـی دوایـن لـە (جیهـانی سـێیەم)دا ناتوانـێ ببێتـە پرکـەرەوەی ئـەو هـەموو بۆشـاییە زۆرانـەی کەوتونەتـە نێـو پانتـایی سـەرجەم بـوارە جۆراوجۆرەکانـەوە، هەروەك رۆژنامەنووس لەو دنیایەدا ناتوانێ گریمانەی ئەوە بکات کە چۆن هاوپیشەکانی لە ئەمەریکاو ئەوروپاو دەوڵـەتانی پێشـکەوتودا، بایـەخ بـە بنـــەما ســـەرەکییەکانی بـــوون دەدەن، ئـــەویش بـــەحوکمی ئـــەوەی لەجیهانێکدا دەژییێت کە رۆژانە گۆڕانی بەسەردا دێت، پێویسـتە لەسـەری زۆر هۆشیارو هەستیار بێت لەبەرامبەر ئەو روداوانەی کە لەناوچەکەدا یان لەولآتەکەیدا روودەدەن.[21]

هـەروەها نـاکرێ ئـەوەشمان لەبیربچـێ کـە لەدەسـتووری زۆربـەی ولآتانی دنیاداو بەتایبەتیش ولآتانی جیهانی سێیەم باس لەئازادیو مـافی را دەربڕینو دەرکردنی رۆژنامەو خاوەنـداریتی کەناڵـەکانی میـدیا کـراوەو بەمافێکی سروشتیی هاوولآتیان دانراوە، بەڵام لەراستیدا بەکردەوە وانیە، هەنـــدێك ولآتـــیش لەدەســـتورەکانیاندا راســـتەوخۆو بەئاشـــکرا مـــافی دەرکردنو خاوەنداریتی هۆکارەکانی راگەیانـدن بەدەوڵـەت دەبەخشـێت، یان سنوری بۆ دەست نیشان دەکات، واتە رێگا بەهاوولآتی ئاسایی نادات هیچ کەناڵێکی راگەیاندن بەڕێوە بباتو بەمشـێوەیە مـافی دەربڕینەکـەش نیە، ئەگەر رێگەش بدرێ ئەوا بۆ حیزبێك یان لایەنێك یان کەسـێکی نزیـك لەدەسەڵاتەوە دەبێ، ئەگەر نا رێگە بەهەر کەسێك بـدرێت دەخرێتـە ژێـر چـاودێریو سانسـۆری تونـدەوە، لێـرەدا ئـەوە روون دەبێتـەوە کەلەهـەر کۆمەڵگایەکـدا دیموکراسـی بـوونی نـەبێت، ئـەوا نـە بـیرورای ئـازاد دێتـە کایەوەو نـە میـدیاو رۆژنامـەی ئـەهلیو سـەربەخۆ دروسـت دەبـێ، ئەمـە

[21] البرت ل. هستر- وای لان ج. تو: سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

جگەلەوەی کە بەبێ هەلومەرجی دیموکراسی زۆربەی مافەکانی تریش بۆ تاك دەستەبەر نابن، بەو پێیەی پیشاندانی خودی پرسی ئازادیی رادەربڕین بە جۆرێك لە جۆرەکان "سەلماندنی دۆخێکی قبوڵ نەکراوە"[٢٢] هەر ئەمەشە وایکردووە وروژاندنی مەسەلەی ئازادیی رۆژنامەنووسیو ئازادیی رادەربڕین تایبەتمەندییەکی تەندروست وەربگرێت بەو واتایەی لەو وروژاندنەدا مەیلێك بۆ تێپەڕاندنی دۆخی باو هەیە.

[٢٢] هاولاتی (رۆژنامە)، ژمارە (سفر)، یەك شەممە ٢٠٠٠/١١/٥، توانا عوسمان: ئازادی رادەربڕینو ئەگەرەکانی، ل٢.

## باسی دووەم:
## "کوردستان" یەکەمین رۆژنامەی ئەهلیی کوردی ١٨٩٨- ١٩٠٢

### تەوەری یەکەم:
### هەلومەرجی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیری دەرچوونی

رەنگە پێویستیمان بە هەڵوەستەیەکی زۆر نەبێت، تا بزانین کە لەدایکبوون پرۆسەیەکی سانا نیە، بەڵام لەهەمانکاتدا خەملێنی هەلومەرجی لەباری پێویستە، بەو واتایەی دەبێ زەمینەی بابەتیانە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دامەزراندن رەخسابێت.

لەبارەی مێژووی لەدایکبوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان-٢٢ی نیسانی ١٨٩٨- قاهیرە) رێکەوتێکی درەنگوەختو لەدوایە، بەڵام ئاشکراکردنو زانینی هەلومەرجی ئەو مێژووە، زۆر لەهۆکارەکانی ئەو دواکەوتنە ڕووندەکاتەوە.

ئەو ماوەیەی کە سەرەتای دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان)ی لێوە دیارکەوتووەو بەرلەو ماوەیەش، کۆمەلێك رووداو و گۆڕانکاری هاتوونەتە ئاراو، ناوچەکەیان هەژاندووە، ئەمە وێڕای ئەوەی رێگرێکی گەورەش بوە لەبەردەم پێشکەوتنو بەرەو پێشەوە چوون.

هەروەك، چاوگی رووداوەكانیش دەسەڵاتی عوسمانیەكان بووە لەو ناوچانەی كەلەو ساتەوەختەدا فەرمانڕەواییان تێدا كردووە.

بۆیە بۆ حاڵیبوون لەهەلومەرجی لەدایكبوونی یەكەمین رۆژنامەی كوردی، (كوردستان) كەلەهەمانكاتدا یەكەمین رۆژنامەی ئەهلیی كوردیشە[٢٣]، پێویست دەكات تیشك بخەینە سەر هەموو لایەنەكانی ناوچەكە، لەبەر ئەوەی راگەیاندنو رۆژنامەنووسیی ئاوێنەی كۆمەڵگایەو پیشاندەری بێ رتوشی سەرجەم لایەنە مرۆییەكانە.

یەكەمین رۆژنامە بەزمانی كوردی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا لەشاری قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسرو لەلایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان)ەوە دەرچووە، لەم مێژووەوە سەرەتایەكی رۆژنامەگەری لەمێژووی دوورو نزیكی گەلی كورد دارێژرا، چونكە بەرلەهەرشتێك سەرهەڵدانی رۆژنامە لەناو كورددا هێمای دۆزینەوەی زمانی حاڵی ئەو سەردەمەو، بەتۆمار بوونو بەمێژوو كردنی بۆ ئەم سەردەمە پیشاندەدا.

لەگەڵ ئەوەی مایەی خۆشبەختی كوردە كە یەكەمین هەوڵی لەبواری راگەیاندنو دەركردنی یەكەمین رۆژنامە، بەرەنجامی هەوڵێكی تاكە كەسیانەیەو پەیوەندداری هیچ دەستەو دەزگاو لایەنو رێكخراوو گروپێكی دیاریكراو نیە، بەو مانایەی كورد لەتەقەللا بەراییەكانیدا لەبواری رۆژنامەگەری بە توانای شەخسی ماددیو مەعنەوی ئەدیبو رۆشنبیرەكانی دەستی پێكردووەو، لەمەشدا هیچ پاڵپشتێكی راستەوخۆیان لەپشت نەبووە، هەروەك (میقداد مەدحەت بەدرخان)

---

[٢٣] هەرچەندە گفتوگۆ لەمەڕ ئەوە لەچەند نوسینێكدا كراوە، كە ئایا رۆژنامەی (كوردستان) ئۆرگانی (حزبی ئیتیحادو تەرەقی) بووە یان نا؟ بەڵام لێرەدا لەسۆنگەی بڕوا بوونمان بە بۆچوونی ئەوەی رۆژنامەكە ئۆرگانی ئەو حزبە نەبووە ئەویش بەو بەڵگەیەی كە یارمەتیدانی ڕۆژنامەیەك لەلایەن حزبێكەوە نیشانەی ئەوە نیە ئەو رۆژنامەیە ئۆرگانی حزبەكەیە، ئێمەش دەستەواژەی (رۆژنامەی ئەهلی)مان بەكارهێنا. بڕوانە: (د. كەمال فوئاد: یەكەمین رۆژنامەی كوردی ١٨٩٨–١٩٠٢، چاپی یەكەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٩–٣١و ل٤٥–٥٠و ل٥١–٥٢.)

خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری رۆژنامەی (کوردستان) بووەو "رۆژنامەکە نوێنەرایەتیی رێکخستنێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتیی دیاریکراوی نەدەکرد. دەرکردنیشی سەرەنجامی دەستپێشخەریەکی شەخسیی کوردێکی نیشتمانپەروەر بوو، پەی بەبایەخی رۆژنامەنووسی بردبوو بۆهۆشیار کردنەوەی گەلێکی چەوساوەی بێبەش لەکەمترین هەلومەرجی پەرەپێدانی رۆشنبیری نەتەوەیی"[٢٤]، یاخود دەتوانین بڵێین، "رۆژنامەیەکی کوردی سەربەخۆ بوو، هیچ بنچینەیەکی راست نیە بۆ بۆچوونی هەندێك هاوسۆزی سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید لەبۆچوون و دیدگای ئایینی سیاسییەوە کە گوایە رۆژنامەیەك بوو بەیارمەتی لایەنی ماسۆنیو ئەرمەنی دەردەچوو، یان ئینگلیزەکان پشتیوانیان دەکرد"[٢٥]، بەڵام وەکو لەپێشتردا لێی دواین بەرلەوەی کورد لەو مێژوەدا یەکەمین رۆژنامەی خۆی بەزمانی خۆی[٢٦] دەربکات، میللەتانی ترو تەنانەت دراوسێکانیشی رۆژنامەیان بەزمانی خۆیان بڵاوکردبۆوە. یەکەمین رۆژنامەی تورکی بەناوی (تەقویمی وەقایع) لە ساڵی ١٨٣٢دا، یەکەمین رۆژنامەی فارسی (کاغذ اخبار) لەئێران لە ١٨٥١، یەکەمین رۆژنامەی عەرەبی لەعێراقیش (زەورا) لە ١٨٦٩[٢٧]، کەهەرسێکیشیان رۆژنامەی

---

[٢٤] جلیلی جەلیل: بوژانەوەی ڕۆشنبیریو نەتەوەیی کورد، کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم– سەرەتای سەدەی بیستەم، و: لەعەرەبیەوە سدیق ساڵح، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٤.

[٢٥] رۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە (٨)، هەولێر، ٢٠٠٢، د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی: رۆژنامەی کوردستانو سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید، و: لەعەرەبیەوە عەبدولکەریم شێخانی، ل١٦١.

[٢٦] بۆیە دەڵێین بەزمانی خۆی، چونکە لە ١٨٩٧/١٢ کەدەکاتە (٥) مانگ بەر لە ڕۆژنامەی کوردستان دوو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسی کورد (د. عەبدوڵڵا جەودەت، د. ئیسحاق سکوتی) ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (عوسمانلی) بڵاوکردۆتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. فەرهاد پیربال: رۆژنامەگەریی کوردی بەزمانی فەڕەنسی، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١)، هەولێر، ١٩٩٨/٤.

[٢٧] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی راستیو شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل٤٧.

ڕەسمی بوونو زمانحاڵی دەسەڵات بوون، کەچی بەخۆشحاڵیەوە "یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، بەپێچەوانەی ئەوانەوە، ڕۆژنامەیەکی ئەهلیو تاکەکەسی بووەو ناواخنێکی ئەدەبیو ڕۆشنبیری ئازادی هەبووە. ئەم خاسیەتە دەگمەنو سەرپەڕە مایەی سەرنجدانەو وامان لێ دەکات بیر بکەینەوە: بۆچی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ئەم خاسیەتە جیاوازەی هەبووە؟ میقداد مەدحەت بەدرخان روناکبیرێکی پایەدار بووە، زانیویەتی کە کورد مادام دەوڵەتی نیەو هیچ دەزگایەکی حکوومی ئەم ئەرکە لەئەستۆ ناگرێت، پێویستە خۆی ئەم دەستپێشخەرییە بکات، ناوبراو پەروەردەی دەستی شاعیرو ڕووناکبیرو ڕۆژنامەنوسێکی وەکو حاجی قادری کۆیی بوو، لەئەستەمبوڵی پایتەخت ژیا، لەناو جموجوڵی ڕووناکبیرە ئۆپۆزسیۆنە ئیتحادیەکاندا (کەلەساڵی ١٨٩٠ بەولاوە کەوتبوونە خۆڕێکخستن) باش لەرۆڵو گرنگیی ڕۆژنامە تێگەیشتبوو، دەیزانی ئامرازێکی کاریگەرە بۆ پەرە پێ سەندنی بیری نەتەوەییو چەمکە شارستانیەتەکان"[٢٨]، بەمجۆرە دەبینین ئەم بوارە گرنگەی ژیانو ژیاری گەلان کە ڕۆژنامەوانییە، لای نەتەوەی کورد پێچەوانەی نەتەوەکانی دیکەی عەرەبو فارسو تورك، لەئەنجامی وشیاریو ئاگاییەکی جیدیی شەخسیەوە سەریهەڵدا، نەك لەبەرەنجامی زەرورەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتو حوکمکردنی پانتاییەك یان بۆ پاڵپشتی دەسەڵاتی سیاسیو سواخکردنی کارە جۆربەجۆرەکانیو پەخشکردنو بڵاوکردنەوەی دەنگوباسەکانیو بەرنامەی سیاسیو گوتارو ئایدۆلۆژیای.

لەگەڵ ئەوەی "ڕۆژنامەی کوردستان نوێنەری هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو و دەرچوونی تەنیا بەدەست پێشخەرییەکی کەسێتی کوردێکی نیشتمانپەروەر بوو کە دەرکی بەبایەخی ڕۆژنامەوانیی کردبوو لەبواری هۆشیار کردنەوەی گەلێکی ستەمدیدەو بێ بەش لەکەمترین بارودۆخی پەرە پێدانی ڕۆشنبیرییە نەتەوایەتیەکەی، بەڵام ئەو ڕۆژنامەیە

[٢٨] د. کەمال فوئاد: سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

رەنگدانـــەوەی ئاراســـتەی فیکـــریو سیاســـی هـــەموو ئەوانـــە بـــوو کەلەبزوتنەوەی بێداریی نەتەوایـەیتی کـورد کاریـان دەکـرد"[٢٩]، ئەمـەش بەدڵنیاییەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕۆژنامەکە خۆی لەدایکبووی منداڵـدانی قۆنـاغێکی سـەختو ژیـانێکی پـڕ دەردەسـەریی نەتـەوەیی، دواکەوتوویی و نەخوێندەواریی، شکستی راپـەڕینو جوڵانـەوە یـەك لـەدوا یەکەکان، باری دژواری ئابووری، گەندەڵی ئیـداری دەزگاکـانی دەوڵـەتی، رمـانی تـەلاری کۆمەڵایـەتی، سانسـۆرو دەمکـوتکردنی ئـەهلی قەڵـەمو رۆشنبیرانە لەلایـەكو لەلایـەکی دیکەشـەوە خیانـەتو خۆخـۆری، پاڵدانـە دوژمن، کەوتە نێـوان دوو بەرداشـی پـڕ ململانێـی (دیـن/ نەتـەوە)، ئەمـە سەرەڕای گەمەی سیاسی دەوڵەتە تەماحکارو زلهێزەکانو پیـادە کردنـی سیاســـەتی داگـــیرو دابەشـــکردنو گـــەڕان بـــەدوای بەرژەوەندییـــە جیاوازەکانیانـــدا، لەکاتێکیشـــدا بەداخـــەوە "مەســـەلەی کـــورد لـــەنێو دەســـتەکانیدا جگـــە لەناوەنـــدێکی گوشـــار هێنـــان لـــەناو گەمەیـــەکی دیبلۆماسـی زێـتر نـەبوو"[٣٠]، بۆیـە پشـکی گـەورەی هۆکـاری دەرچـوونی رۆژنامەی "کوردسـتان" لـەو فشـارو پاڵـە پەسـتۆیەوە هـاتووەو دەکـرێ بڵـێین، ئەگـەر ئـەو سیاسـەتە دوژمنکارانـەو هەوڵـە داگیرکـاری‌و دژ بەشوناسی نەتـەوەیی نەبوونایە، رەنگـە رێکـەوتی دەرچـوونی یەکـەمین رۆژنامە بەزمانی کوردی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨–یش درەنگتر بکەوتایە!

کەواتـە ژینگـەی زمـانی یەکـەمین رۆژنامـەی کـوردی کەناوچـەی کوردنشینەو بە "کوردستان" ناوزەد کراوە، بەردەوام ناوچـەیەکی گـرنگ بوەو بەردەوامیش رووبەڕووی چاوتێبڕینو کێشەو ململانێی زۆر بوەتەوە، لەبەر ئەوەی گرنگیەکی مەزنی سـتراتیژی‌و ئـابووری‌و جـوگرافی هـەبوەو بەیـــەکێك لـــەزنجیرەکانی بەیەکـــەوە بەســـتنی رۆژهـــەڵاتو رۆژئـــاوا دەژمێردرێـت، چـونکە "هەڵکـەوتی سـتراتیژیی کوردسـتان لەناوجەرگـەی

[٢٩] رۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە (٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل.١٤٠.

[٣٠] نـەجاتی عەبـدوڵڵا: کێشـەی سـنووری عوسمـانی– فارسـی ١٦٣٩–١٨٤٧، بـەرگی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان، ٢٠٠٠، ل.١.

رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، هێزێکی گرنگی دیکەی بزوێنەری سیاسەتی ئەو دەولەتانە بوو بەرامبەر بەدوارۆژی کوردستان" [٣١].

سەردەمی دەرچوونی (کوردستان) جۆرە رەوشێکی زۆر تایبەتی بوو لەلایەك بیری پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشی فەڕەنسیو جولانەوەی رزگاریخوازی گەلانی ناوچەکە تا دەهات گەرمتر دەبوو، لەلایەکیش لە مێژنەبوو میرنشینە کوردیەکان رووخێنرابوون، ئاگری راپەڕینەکانی بەدرخانو عوبێدوللای نەهریش خامۆش کرابونەوە، لەهەمان کاتدا بزوتنەوەی (عوسمانیزم) لەئەستەمبولّ لەلوتکەی پەلاماردان دابوو نەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکەش تا دەهات لەخەوی غەفڵەت بێدار دەبوونەوەو بۆ سەرشانۆی دۆزینەوەی چارەنووسی خۆیان ملیان دەنا، ئینگلتەراو روسیاو فەڕەنساو ئەلمانیاو ئەمەریکاش چاویان بڕیبووە خێروبێری ئەم ناوچەیە [٣٢].

هەروەك لەسەرەوە بەکورتی هێمامان بۆکرد، هەلومەرجی سیاسی لەدایکبوونی رۆژنامەی کوردستان هەلومەرجی نالەباری سیاسەتی قڕکردنو سڕینەوەی شوناسی نەتەوەییو ڕوخاندنی کەسایەتیی کوردیی بوو وەك یەکێك لە گەورەترین نەتەوەکانی ناوچەکە چ لەڕووی مێژووو شارستانیەتەوە چ لەڕووی ژمارەو رووبەری خاکەوە، بەتایبەت لەسەردەمی دەسەلاتی سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩)دا کەماوەی فەرمانڕەواییەکەی دەکەوێتە پێشو پاش بلاوکردنەوەی یەکەمین رۆژنامەی کوردیو، ئەم سولّتانە جگە لەوەی دەستوری لەکارخستو دەروازەی حوکمێکی دیکتاتۆریو سیاسەتی دژ بەنەتەوە غەیرە تورکەکانی گرتەبەر، بەرامبەر بەکوردستانیش لەگەلّ سیاسەتی سولّتانەکانی تری عوسمانیدا جیاواز بوو، بەوەی رووکەشانە هەمیشە وای

[٣١] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لەسالەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥، ل٥.
[٣٢] رۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە (٨)، ٢٠٠٢، مەحمود زامدار: رۆژنامەی کوردستان چەند بۆچوونو سەرنجێك، ل١٨١-١٨٢.

رادەگەیانـد کەلـە کـوردەوە نزیکـەو خۆیشـی نزیـك دەکـردەوە، بـەلاّم هەمیشـەش لەبیرکردنـەوەی دانـانی پـیلانو ئـاژاوە بـوو بـۆیو فێڵبازانـە دەیویسـت لەبەرامبـەر نەتـەوەکانی دیکـەدا بـەکاریان بهێنـێ، وەك چـۆن مەبەستی بوو بیانکات بەگژ ئەرمەنیەکانو بەری ئەو شـالاّوو هێرشـانەیان پێبگرێت کـە رووسـەکان دەیـانکردە سـەر دەوڵەتەکـەی، ئـەم مەرامـەش بــەوە دەهاتــەدی کــە نەتــەوەی کــورد لەبۆتــەی نەتەوایــەتی تورکیــدا بتوێنێتــەوە، ئــەوەتا لەیاداشــتەکانی خۆیــدا نووســیویە: "..پێویســتە رەگـەزی تـورك لـە ڕۆمو ئـەنادۆڵ بەتایبـەتی، بـەهێز بکـەینو کوردەکـان بتوێنینەوەو بیانخەینە پاڵ خۆمان.." [٣٣].

سوڵتان ئەو ماوە زۆرە بەبێ دەستور حوکمی کردو هەموو هەوڵێکی بـۆ ئـەوە بـوو تـاکو هـەموو کاروبارەکـانی دەوڵـەت بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیەوە، ئەمەشی بۆچوە سەرو دەستی خستە نێو کاروبـاری حکومـەتو ئیدارەشی بە حوکمێکی ڕەها مۆرکرد، کەلەمەشیاندا پشت ئەسـتور بـوو بەژمارەیەکی زۆر پۆلیسی نهێنیو شۆفار(جاسوس)، لەم نێوانەشدا کـورد خاڵێکی سەرەکیی جێ مەبەستی سوڵتان بـوو بـۆ لێـدانو سـەرکوتکردن، بــەلاّم کــورد بــە ئاگاییــەکی وردەوە رووبــەڕووی پێشــهاتەکان بــۆوەو زنجیرەیەك دەرکـەوتنو جولاّنـەوەی بەرهەڵسـتکارانەی دژ بـە سیاسـەتی سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم پیشاندا [٣٤]:

- سـەرهەڵدانی بزووتنەوەیـەك لەناوچـەی بۆتـان بەسـەرکردایەتی مـیر عوسمان بەردخان کە توانی دەست بەسـەر جـەزیرەو زاخـۆو ئامێـدیو ماردینو میدیاتو نوسێبین دا بگرێت، ئەمـەش والـە کۆنسـوڵی گشـتیی رووس لەئـەرزەڕۆم دەکـات کـە ئـەم جولاّنەوەیـە بـە ئـارەزووی کـورد

[٣٣] مالميسانذ، القومية الكردية و د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين، ترجمـة شـكور مصـطفى، مـن منشـورات دار ئـاراس للطباعـة والنشـر، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية- كردستان، اربيل، ٢٠٠٠، ص٧.

[٣٤] رۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە (٨)، ٢٠٠٢، د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢–١٤٣.

وەسف بکات بۆ بەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی، کەلەرۆژانی میر بەدرخاندا هەبیوە.

- شێخ عوبێدوڵڵای نەهری–ش لە ١٨٨٠دا داوای لە کورد کرد کە دژ بە عوسمانیو قاجارییەکان بجەنگن، ئەوە بوو خۆی بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی شۆڕشی هەڵگیرساند، بەڵام بەهاوکاری هەردوولا هەرزوو ئاگری شۆڕشەکەیان دامرکاندەوە.
- لەساڵی ١٨٨٩ هەردوو برا (میقداد مەدحەتو ئەمین عالی بەدرخان) لەنزیک تەرابزوون بزاڤێکیان پێکهێنا، بەڵام عوسمانیەکان بەرێگە گرتنو دابڕ کردنی ئەو ناوچەیە لەهەموو کۆمەڵێك توانیان جوڵانەوەکە کپ بکەن.
- لەساڵی ١٨٩١–یش دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەستان بەدوورخستنەوەی عەبدولقادری عوبەیدوڵڵای نەهریو براکەی، بەبیانووی پیلانگێڕان دژی سوڵتان عەبدولحەمید.
- بەرپاکردنی شۆڕش لەشەنگال لەلایەن کوردە ئیزدییەکانەوە، بەهۆی ئەنجامدانی هەندێ کاری توندوتیژی بەرامبەریان لەپێناو ناچار کردنیان بۆ خزمەتکردنی عوسمانیەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا سوڵتان عەبدولحەمید لەساڵی ١٨٩١دا لەوەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە توانی هەندێ لیوا بەناوی (سوارەی حەمیدی) لە کوردەکان پێکبهێنێ، ئەمەش بۆ راکێشانی لایەنگیریی رۆڵەی کورد بۆ حاڵەتی پێویستو دژ بە دوژمنانی دەوڵەت، هەروەك "بیرکردنەوە لەپێکهێنانی لیواکانی حەمیدیە لەئەنجامی هەستکردن بەمەترسی روودانی راپەڕینێکی گشتیی کوردەکان بوو لەهەموو خاڵێکی نیشتمانەکەماندا دژی ئەو زوڵمو زۆرداریو کارە ناڕەوایانەی کە حکومەت لەناوچەکەدا پەیڕەوی دەکات، هەروەها لەئەنجامی راپۆرتێکی زەکی پاشای موشیری سوپای چوارەمدا بوو کەلەسەرەتای یەکەم راپەڕینی ئەرمەنیەکاندا دابووی بەشاهانشاهی همایۆنی و ئەگەری بەشداری کوردەکانیشی بەهمایۆنی راگەیاند بوو. هەروەها پێشنیاری دروستکردنی ناکۆکییەکی هەتا هەتایی لەنێوان کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی میللەتدا بێ بیرکردنەوە

لـەقازانجو زەرەری ئـەو کـرداره، پێشـنیارەکه لەلایـەن شاهنشـای همایونییەوه پەسند کرابوو وەفەرمانی بۆ جێبـەجێکردنی دەرکردبـوو و پەله کردنی همایونی بۆجێبـەجێکردنی ئەوپێشـنیاره بـووه هـۆی سـەر سوڕمانی مەقاماتی سەربازیی ولات" [٣٥]، بەمەش سـولتان تـوانی گیـانی رەگەزپەرستی لـەناو کـورددا بجولێنـێو پڕوپاگەنـدەی ئـەوەی لـەناودا بلاوکردنەوه که لەناوبردنی ئەرمەنەکان لەگەڵ رووسـەکان رێککـەوتوون بۆ ئەمەش سوارەی حەمیدی بەکارهێناو لەدوو کوشتاردا (ئابو ئەیلولی ١٨٩٤، ٢٦ی ئابی ١٨٩٦) رووبەڕووی یەکتری کردنەوه. [٣٦]

هەروەها هەر لەمیانی زنجیره سیاسەتەکانی سولتان عەبدولحەمیددا بۆ بەدەستهێنانی هەواداریی کورد کردنەوەی قوتابخانەیەك بوو لـه ١٨٩٢ لـه ئەسـتەمبوڵ بـۆ منـداڵی سـەرۆك خێڵـەکان ئەمـەش لـەپێش هـەموو شتێکەوه بۆ راکێشانی سۆزی دەرەبەگە کوردەکان بـوو بـۆلای دەوڵـەتی عوسمانی، نەك ئامانجی پەروەردەییو فێرکاری.

هەر لەبازنەی هەلومەرجی سیاسی ئەو سەردەمەی بەر لەدایکبوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان)، که ناکۆکیی بەدەست ئەنقەست هەڵگیرساوی نێوان کوردو ئەرمەن لێدانێکی بـەهێز لـەئامانجی نەتـەوەیی هـەردوو میللـەت، لەبەرئـەوەی "کـوردو ئەرمـەن هـەر وەکـو دوو نەتـەوه چـەند سـەدەیەك بەیەکـەوه، برایانـه لـەو نیشـتمانه ژیـان بەسـەردەبەن. لەئەنجامی ڕشتنی تۆوی نیفاقو نەزانی بێ ئاگا لەخۆیان بوون به دوژمنی یـەکتر، ئەمـەش بـووه هـۆی رژانـی خـوێنو کاولکـاری. سـولتانەکانی عوسمانی، هیچ کارێکی باشیان له ولاتـی ژێـر دەسـەلاتی خۆیـان ئـەنجام نـەدەدا بەتایبـەت لـه کوردسـتان نـەیانتوانی ڕێگایـەك لـەنێوان ئەدەنـەو ئەستەمبۆڵ دروسـت بکـەن، پـێش سـەد سـاڵ مـاڵی کـوردی لـه ئێسـتای خراپتر نەبووه" [٣٧].

[٣٥] رۆژنامـەی کوردسـتان، خـولی یەکـەم، ژمـاره (٢٨)، شـنبه جمـال الاخـر ١٣١٩، ایلول١٣١٧.
[٣٦] محمد خلیل امیر: علاقه الاکراد بمزابح الارمن، بلا، بلا، ص١٥٠–١٥١.
[٣٧] رۆژنامەی کوردستان، خولی سێیەم، ژماره (١).

هـــەروا لـــە رووی ئابوورییـــەوە، ســـوڵتان عەبدولحەمیـــدی دووەم لـەماوەی دەسـەڵاتیدا وەك سـەرجەم لایەنـەكانی دی، هـەردەم لەسـەر سیاسەتی فەرامۆشكردنی بەرژەوەندیە باڵاكانی هاوڵاتیانی دەوڵەتەكەیو گوێنەدان بەداهاتی دەوڵەتو ژێرخانی ئـابووریو سـەرمایەی تاكەكـەسو مەسەلەی بازرگانیو كەلوپەلی ناردەنیو هاوردەو وەبەرهێنانی سەرمایەی نەتـــەوەیی دەڕۆیشـــتو لەكاتێكیشـــدا ڕەوتـــی بازرگـــانیو داهاتیشـــی بەگەڕخستبا تەنها لەكۆشكی سوڵتانو دارودەستەی سـوڵتان نەدەچووە دەرەوە بـۆ خزمـەتی سـەرجەم خـەڵك، بۆیـە بێزارییـەكی زۆر لەلایـەن خەڵكیەوە هەست پێدەكراو بەدەموچاویانەوە دەبینرا، ئـەوەتا لـە ژمـارە (٥)ی ڕۆژی پێـــنج شـــەممەی ٤ی حـــوزەیرانی ١٨٩٨ی ڕۆژنامـــەی (كوردســـتان)، "نامـەی سـەیدا تـاهیری بۆتـانی لەشـاری (ئەدەنـە)ی توركیاوە جێی سـەرنجو بایەخـە، نامەكـە بـاس باسـی ١٥ حـەماڵی كـورد دەكات، دادو بێ دادیانە بەدەست بارودۆخی قورسو دژواری هەلومـەرجی نامرۆڤانەی ئیشو كاریانەوەو، داوا دەكەن لەسەر ژیانە مەینەتبارەكـەیان بنووسنو پەنجا دانەیان لە ڕۆژنامەكە بۆ بنێـرن" [٣٨]، ئەمـەش هێمایـە بـۆ بـارو ڕەوشـی نالـەباری گـوزەرانی هاوڵاتیـانی كـوردی ژێـر قەڵـەمڕەوی دەسەڵاتی عوسمانی، ئەمەو جگە نایەكسـانی لـەكاروكارپێكردنو بیمـەی كـاردا، سـەختی ژیـانی ئـابوریو ناعەدالـەتی چـینایەتیو كۆمەڵایـەتی، هەروەها "مێژوونووسەكان باس لەوە دەكـەن كـە هـیچ موعامەلەیـەك بـێ بـەرتیل دان جێبـەجێ نـەكراوەو لەهـەمان كاتیشـدا دیـاردەی فرۆشـتنی فەرمان (پایە)ی حكومەتی بڵاوبووەوە"[٣٩].

هـــەروەك لەپێشـــەوە لەهـــەردوو ڕووی سیاســـیو ئـــابووری ڕەوشـــی لـەدایكبوونی ڕۆژنامـەی "كوردسـتان" دوایـنو دەربـارەی هەریـەكێكیان وێنەیەكی بچوكی نالەباریو پـڕ بـەو حوكمـەی لایـەنی كۆمەڵایـەتی–یـش

[٣٨] جەلیلی جەلیل: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧، ڕۆژنامەی كوردستان، ژ٥، ساڵی١٨٩٨.
[٣٩] جاسم محمد حسن: العراق فى العهد الحمیدى ١٨٧٨–١٩٠٩، ڕۆژنامـەڤانی (گۆڤـار)، ژ٨، د. عبدولفەتاح عەلی بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

راستەوخۆ پەیوەستە بەم دوولایەنەوە، دەتوانین لەو رووەشەوە هێما بۆ ناخۆشی بارودۆخی هاولاتیانی بن قەلەمڕەوی دەولەتی عوسمانی بکەین بەتایبەت کوردەکان، کەچۆن لەگوزەرانو کەشێکی نا ئاسوودەیی کۆمەلایەتیدا دەژیان، ئەمەش بەر لەهەمووشتێکەوە پەیوەندی بەو سیاسەتە نا مرۆڤانەیەی سولتان هەبوو کە تۆوی سیخوڕی لەهەموو کونجو کەلەبەرێکی ولاتدا بلاو کردبۆوە، ئەو سیاسەتەی سەرباری ئەوەی نەتەوەکان بۆهێنانەدی بەرژەوەندییە بالاکانی خۆی لەیەك کردبووە دوژمن، لەناو هەریەك لە میللەتەکانیشدا دەستەو گروپی چاودێریو سیخوڕی خۆی وەك دەزگایەك بۆ دەستخستنە ناو ژیانی تایبەتی کۆمەلایەتی خەلکەوە دروستکردبوو،و تاقمی چەکداری لەناوخۆیان لێ دروستکردبوون ئەمەش بێگومان دواجار بۆ لێدانی خۆیان، دیارە بەمەش سەرلەبەر شێرازەی پەیوەندی کۆمەلایەتیو ریزبەندی کۆمەلایەتیو هەموو ژیانی کۆمەلایەتی بەرەو تێکچوونو پچڕان مل دەنێت، وەك چۆن یەکێکی هاوزەمانی سولتان جەختی کردووە کە "تورکیا ژیانی کۆمەلایەتیی- بەپێی شێوە ئەورووپیەکەی- تێدا نیە"[٤٠]

هەروا سەبارەت بە هەلومەرجی رۆشنبیری ئەوکاتەی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامە بەزمانی کوردی، دەبێ بوترێ کە، رەوشێکی ئێجگار سەختو دژوار بوو، چونکە دەسەلاتدارانی عوسمانی باش درکیان بەوە کردبوو هەرگیز توێژی خوێندەوارو رۆشنبیران نابنە پشتیوانی حوکمەکەیانو بۆیان نالێنو نانووسن، ئەو هەموو ترسو لەرزەشیان لە دەزگای چاپو بلاوکردنەوە هەر لەمەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئینجا سانسۆری توندوتیژ رێگەی هاتنەکایەی بیروڕای پێشکەوتنخوازانەی دەگرتو لەهەمانکاتیشدا سزای قورس بۆ هەموو ئەوانە بوو زاتیان دەکرد بەرامبەر بە سولتانو دەسەلاتەکەی دەوەستان، وەك چۆن لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سولتان عەبدولحەمیددا چاودێرانی سەر بواری رۆژنامەگەریو بوارەکانی دیکەی ژیانیش دەگەیشتنە بیست هەزار

[٤٠] جەلیلی جەلیل: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

شۆفار، سەرباری ئەوەی ماوەی فێڵو خۆدزینەوە بۆ رۆژنامەوانان نەمابۆوە، لەبەر ئەوەی سوڵتان خۆی راستەوخۆ چاودێری بڵاوکراوەو رۆژنامەکانی دەکرد، ئەوەتا لەسەر یەك دوو هەڵەی چاپ کەمانای رستەیەکی گۆڕیبوو و بۆنی رەخنەی لێدەهات رۆژنامەی (سەباح) بۆچەند ساڵێك داخرا، هەربەم بیانگەیەوە رۆژنامەی تورکی (تەقویمی وەقایع)یش داخرا[٤١].

رژێمەکەی سوڵتان رژێمێکی دیکتاتۆری بوو و رێگەی بە بڵاوکردنەوەی هیچ گوزارشتێك نەدەدا کەبۆنی رەخنەی لێبێت، بۆیە رۆشنبیرو خوێندەواران رێگەی کۆچیان گرتەبەر، بەتایبەتی رۆڵەی نەتەوە غەیرە تورکەکان، کەوا وڵاتیان جێهێشتو شارەکانی: ژنێڤو لەندەنو پاریسو قاهیرەو..تاد یان کردە جێ مەکۆو مەڵبەندی جوڵانەوەی سیاسیو رۆشنبیری خۆیانو چەند بڵاوکراوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی عوسمانی لەو ناوچانە دەرکەوتنو خۆیان لە (١٠٠) رۆژنامە دەدا[٤٢]. هەروەك دەبینین "کۆششەکانی (عەبدولڕەزاق بەگ) بۆچوونە فەڕەنسەو خوێندن تەواو کردن رووبەڕووی بەرهەڵستی توندی سوڵتان عەبدولحەمید دەبووەوە. عەبدولرەزاق لە چیرۆکی ژیانیدا لەم بارەیەوە نووسیویە: "پاشتر پەیم بەوە برد کە ئەوەیان دەکرد تا هیچ یەکێکی بنەماڵەکەمان شارەزای شارستانیەتیی ئەورووپا نەبێ".[٤٣]

---

[٤١] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی راستیو شوێنی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل٥٤.

[٤٢] رۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە (٨)، ٢٠٠٢، د. عەبدلفەتاح عەلی بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

[٤٣] عەبدولڕەزاق بەگ کوڕی نەجیب پاشای کوڕە گەورەی بەدرخان بەگە، ساڵی ١٨٦٤ لەئەستەمبوڵ لەدایك بووەو بەمنداڵی زمانە خۆرهەڵاتیو ئەورووپاییەکانی خوێندوەو، فێربوونی زمانی فەڕەنسی یارمەتیدا شارەزای ئەدەبی فەڕەنسی ببێت کەمێژووی شۆڕشگێڕانەی فەڕەنساو بیروڕای بۆرژوزایی دیموکراتی بیریارەکانی پێشەنگەکانی ئەو وڵاتە رەنگیان تێدا داوەتەوە. بڕوانە: (جەلیلی جەلیل: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤).

هەروەها وەکو لەلاپەڕەکانی پێشترو لەباسی هەلومەرجی سیاسی بۆ لەدایکبوونی رۆژنامەی (کوردستان) تیشکمان خستە سەر، ئەو قوتابخانەیەی سولتان بۆ مەرامی سیاسی کردبوویەوە، ئەوەندەی نەخایاند پێچەوانەی هیواکانی سولتان بەرهەڵستی لێوە سەریهەڵدا، چونکە خوێندکارانی پاش ئەوەی تێکەڵی کەسانێکی خاوەن بیروڕای ئازادیخوازی بوون لەئەستەمبوڵ لەمەبەستی سولتان گەیشتنو بەمەش سیحری خەونەکەی دەسەڵاتداری عوسمانی بەتاڵ بۆوەو ناچار بوو قوتابخانەکە دابخات.[٤٤]

هەر لە جوغزی بارودۆخی رووناکبیرییەوە دەکرێ پەنجە بۆ کتێبی (الهدية الحميدية في اللغة الكردية)ی رۆشنبیری عەرەبی فەلەستینی (يوسف ضياء الدين باشا الخالدي المقدسي) رابکێشین کەلەساڵی ١٨٩٢ چاپکراو بەیەکەم کتێب دادەنرێت کەلەسەر زمانی کوردی نوسراوەو بایەخێکی گەورەی ئەدەبیو رۆشنبیری هەیە[٤٥]، کەئەمیش وەك (نەجمەددین مەلا) دەڵێت: "ئەگەر ناوی حەمید لەناونیشانەکەدا نەبوایە، نەیاندەهێشت چاپ ببێ"[٤٦]!

بەمجۆرە تێدەگەین زەمەنی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی ئەهلیی کوردی (کوردستان) لەڕووی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەوە لە چ هەلومەرجێکدا بووەو رۆژنامەکە لەنێو چ رەوشێکی سەختو بارودۆخێکی دژواری نەتەوەییدا چاوی هەڵهێناوە.

[٤٤] جەلیلی جەلیل: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.
[٤٥] رۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە (٨)،٢٠٠٢، د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی: رۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨–١٩٠٢ خوێندنەوەیەکی مێژوویی، ل٢٢٧.
[٤٦] رۆژی نوێ (گۆڤار)، ژمارە(١٢)، ١٩٦١، ل٢١.

## تەوەری دووەم:
## کاریگەری رۆژنامەی "کوردستان" لە بزافی رۆژنامەگەریی کوردیدا

لەتەوەری یەکەمی باسەکەماندا لەمەڕ یەکەمین ڕۆژنامەی (ئەهلی) کوردی هەوڵماندا روناکی بخەینە سەر، زەمینەکانی بەردەم دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە لەو زەمەنە دیاریکراوەدا لە رووە جیاجیاکانی: سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری، کەئەمەش بێگومان بەرچاوڕوونیەکی باشی پێداین تاکو لێرەدا کە دووەمین تەوەری باسەکەمانە، لەکاریگەری رۆژنامەی ناوبراو بدوێین لەبزافی رۆژنامەگەریی کوردیدا.

(کوردستان) وەك یەکەمین هەوڵی کورد لەبواری راگەیاندنی نووسراودا، بەحوکمی پێشەنگیەکەی توانیویەتی جۆرێك لە کلێشەی رۆژنامەوانیو رۆژنامە دەرکردن بخاتە نێو ناوەندەکەوەو بووبێتە رێوشوێنێکیش بۆ رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی دوای خۆی، چونکە تا بەئێستاش دەگات بواری میدیاو رۆژنامەنووسی وەکو یەکێك لەزانستە مرۆییەکان خاوەنی توخمو رێساگەلێکی چەسپاو نیە کە بەشێوەیەکی سیستماتیکی خرابێتە روو، لەبەر ئەوەی لەبەراییەکانی سەرهەڵدانی رۆژنامە لەجیهاندا تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەو هونەرە رۆژنامەنووسییەکان دەستنیشان نەکراون تا بەو پێودانگانە ئاستی رۆژنامە بپێورێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە

تایبەتمەندیو توخمە رۆژنامەوانیەکان پاش دەرچوونو لەئەنجامی گەشەو بەرەوپێشەوەچوونی رۆژنامەوە هاتوونەتە ئاراوە، هەروەك چۆن داهێنانی دەزگای چاپو پێشکەوتنی تەکنیکی چاپەمەنیو گەیاندنو گواستنەوە نەخشیان لە دروستکردنی گۆڕانکاری بەسەر فۆرمو ناوەڕۆکی رۆژنامەوە هەبوو.

هاتنەکایەی رۆژنامەگەریی وەکو دیاردەیەکی شارستانی، لەگەڵ ئەوەی بوە بەئامرازێکی کارای ململانێی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیو نیشتمانی، شۆڕشێکی گەورەشی لەرەوتی رۆشنبیریو رۆشنگەری لەجیهاندا بەرپاکرد، بەتایبەت لەسەدەی نۆزدەو بیستدا کەتیایاندا دەیان روداوی گەورەو گۆڕانکاریی بنچینەیی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، لەسەرووی هەموشیانەوە وەرچەرخانی ئابوریو پیشەسازی گرتە خۆیو، سیمایەکی دیکەی ئەو گۆڕانکاریانەش گەڵاڵە بوونی داواکاریی نەتەوەیی گەلانی ژێردەستە بوو، کەئەمەش خۆی لەقۆناغی رزگاریی نیشتمانیی گەلاندا دەبینێتەوە، رۆژنامە–ش لەگەڵ خەباتی سیاسیو چەکداریدا چەکی سێیەمی پێکهێناوە، جا ئەگەر رۆڵی رۆژنامەوانی لەگەشەکردنی کۆمەڵایەتیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی میللەتانی خاوەن قەوارەی جوگرافیو کیانی سیاسی هێندە کاریگەر بووبێت، داخۆ بۆ نەتەوەیەکی نیشتمان داگیرو دابەشکراو دەبێ چ کاریگەرییەکی مەزنی هەبێت.[٤٧]

دەرچواندنی (کوردستان)، یەکەمین رۆژنامە بەزمانی کوردی، لەدوادواییەکانی سەدەی نۆزدەو لەدەرەوەی خاکی کوردان، سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ نەتەوەی کورد لە ئاشنا بوون بەجیهانی رۆشنگەری لەدنیاو پەخشکردنی خواستە نیشتمانیەکانیو بەدنیا ناساندنی، ئەمە لەڕووی ناوەڕۆکەوە، هەروا لەڕووی تەکنیكو چاپو رۆژنامەوانیەوە "بەشێوەیەکی سەرەتایی دەستی پێکردووە، بەڵام

[٤٧] کاروان (گۆڤار)، ژمارە (١٢٠)، ١٩٩٨، مومتاز حەیدەری: دەوری رۆژنامەنووسیی کوردی لە پێ گەیاندنی هۆشیاری نەتەوەییو بزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا، ل٢٠.

بەبەراورد لەگەڵ وەزعی ئەوکاتو هونەری رۆژنامەنووسی هێندە دوانەکەوتووە، چونکە لەلایەك کاری رۆژنامەگەری لای گەلانی تری ناوچەکە بەوشێوە پێشنەکەوتبوو کە ببێتە جێی سەرسوڕمانو لەلایەکیش رۆژنامەکە لە قاهیرە دەرچووە کەئەوکات شوێنو بنکەی سەرهەڵدانی چاپخانەو پێشکەوتنی رۆژنامەگەری بووەو رابەرانی رۆژنامەگەری کوردیش سودیان لەو هەلومەرجە لەرووی هونەرو تەکنیكو شێوازی تازە لەو سەردەمەدا وەرگرتووەو توانیویانە یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەیەکەمین ژمارەیدا لەهەندێك کەموکوڕی دەرباز بکەن کە بۆ کوردو رۆشنبیران تا ئێستاش لەهەندێ روەوە جێی مشتومڕو ناکۆکیو گرفتە". [٤٨]

ئەمە لەکاتێکدا نابێ ئەو هەقیقەتەمان بیرچێت، کاری رۆژنامەگەریی-یش وەك سیمایەکی شارستانی کۆمەڵگا لە وڵاتێکی زلهێزی سیاسیو خاوەن ئابوریی پتەو جیاوازە لەگەڵ هەمان کار لە وڵاتێکی کشتوکاڵیو دواکەوتووی سیاسیو ئابوری، هەروەك چۆن لەرووی هێڵو ستراتیژی گشتییەوە لەیەك جیانو، دەرکردنیشی لەناوەوە یان دەرەوەی وڵات (تاراوگە) بەهەمان شێوە جیاوازە، لەمەوە وەك ئاماژەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین رۆژنامەی (کوردستان/ ١٨٩٨- ١٩٠٢) لەرووی پەیامی رۆژنامەنووسییەوە هەڵگری گوتاری (نەتەوەیی، نیشتمانی، مرۆیی)یە.

(میقداد مەدحەت)ی سەرنووسەرو بڵاوکەرەوەی رۆژنامەی (کوردستان) لەگەڵ یەکەمین ژمارەی رۆژنامەکەیدا کارتی پێناس یان بانگەوازێکی بەزمانی فەرەنسی هاوپێچکردوەو بەسەر هەندێ لەکەسایەتیەکاندا دابەشیکردووە: [٤٩]

[٤٨] کاروان (گۆڤار)، ژمارە (١٢٠)، ١٩٩٨، غازی حەسەن: پێشکەوتنی هونەری لەرۆژنامەگەری کوردیدا، ل٦٧.
[٤٩] د. کەمال فوئاد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

"گەورەم،

زۆر بەختیارم بەوەی کە ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی (کوردستان)تان بۆ دەنێرم، ئەوەی هەر ئێستا لەقاهیرە داممەزراندووە.

نەتەوەی من، کەنەتەوەی کوردە، ژمارەی شەش ملیۆن کەسە لەئاسیای بچوکدا. زمانیان گەلێك کۆنە. ئەمە یەکەمین جارە کە بەم زمانە ئەم رۆژنامەیەم بلاوکردۆتەوە، بۆمەبەستی تێگەیاندنی زانیاریی‌و گیانی خۆشەویستی لەناو رۆڵەکانی نەتەوەکەمداو هاندانی کوردەکان بۆ ئەوەی رێگەی پێشکەوتن‌و شارستانییەتی نوێ بگرن، لەهەمان کاتیشدا ئەدەبی نەتەوەیی خۆیانیان پێ نیشانبدەین.

باوکم، میر بەدرخان لەجەنگی سەربەخۆیی کوردستاندا، بەشداربوو، دژی حکومەتی عەبدولمەجید، ئەو کەسەی کەژیانی لەبنەماڵەی ئێمە قەدەغە کرد لەنیشتمانی خۆماندا. لەبەر ئەمە رووم کردە قاهیرە، و لەبەر ئەوەی دەمەوێ نیزام‌و ئاسایش باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێ، بڕیارم دا لەرێگەی ئەم رۆژنامەیەوە هەموو توانای خۆم لەدوورەوە (لەدوورە وڵاتدا) تەرخان بکەم بۆ هەموو کارێك کەقازانج‌و بەختیاری‌و پەروەردەکردنی بیری تێدا بێت بۆ هاووڵاتیانی کورد.

میقداد– مەدحەت"

هەر لە چوارچێوەی ئەو پەیامە نەتەوەییەی لەو پۆستکارتەدا رەنگیداوەتەوە، ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە کە وەچەی بەدرخان پاشا هەوڵیداوە "مەسەلەی راگەیاندن‌و رۆژنامەوانی بکاتە سەنگەرێك بیکاتە کەناڵێکی زیندووی ئەوتۆ کەلێیەوە داکۆکی لەمافی گەلەکەی بکات‌و لەوێوە هەوڵی ئەوە بدات هەموو رووناکبیران‌و نیشتمانپەروەرانی کورد لە دەوری شۆرشێکی تازەو لەبەرەیەکی تازەو یەکگرتوودا کۆبکاتەوە".[50]

---

[50] کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (٣٢٤٨)، ساڵی دوانزەهەم، پێنجشەممە ٢٠٠٣/١٢/١٨، ئەحمەد باوەڕ: بیری رۆشنگەری لەدەورەی یەکەمی رۆژنامەی کوردستاندا ١٨٩٨– ١٩٠٢، ١–٢، ل٨.

سـەرباری ئـەوەی هـەر بـەو چـەکە کاریگـەرەوە (کـە رۆژنامەکەیـە) لەرووبەڕووبوونەوەیـەکی نوێـدا بەسـەر دوژمـنو نـەیارانی کـوردا سەربکەوێتو گوتاری نەتەوەیی کورد بڵاوبکاتەوەو دووپاتی بکاتـەوە کـە کـورد–یـش وەکـو هـەموو گـەلانی دنیـا مـافی ئـازادو ئـارام ژیـانو ئاسایشبوونی وڵاتەکەی هەیە.

دیـارە (زمـان) یەکێکـە لەبنـەما گـرنگو بنچـینەییەکانی هـەر نەتەوەیـەکو ئـامرازێکی جیاکردنەوەشـیەتی لەنەتـەوەکانی دی، بۆیـە گرنگیدان بەزمان بە دیوەکـەی تریدا بایەخدانـە بـە پـرۆژەی نەتـەوەییو پاراستنی کلتورو جوانتر دەربڕینی گوتاری نەتەوەیی. بۆ ئەمەش، رەنگە (رۆژنامـە) یـەکێك بێـت لـە ئـامرازە گـرنگو کاریگـەرەکان لـەپێناو گەشەوپێشکەوتنیدا، بۆیە وایکردووە (د. کەمال فوئـاد) کەبۆیەکـەمینجار ژمارەکـانی رۆژنامـەی (کوردسـتان)ی کۆکردۆتـەوەو سـەرلەنوێ چـاپی کردوونەتـەوە لـەمڕووەوە بڵێـت:" تـا کۆتـایی سـەدەی نۆزدەهـەم زمـانی کـوردی تـەنیا زمـانی گفتوگـۆو شـیعر بـووە نـەك نووسـین. لەبـەر ئـەوە دەرچـوونی رۆژنامـەی (کوردسـتان) لـە ١٨٩٨ بایـەخێکی تایبـەتی هەیـە لەمێـژووی زمـانو ئـەدەبی نەتەوەکەمانـدا".[٥١] ئەمـەش لـەو راسـتیەوە سەرچاوەی گرتووە بەر لەبڵاوکردنەوەی ئەم رۆژنامەیە نووسینێکی ئەوتۆ بـەزمانی کـوردی نـەبوە، تـەنها چـەند بابـەتێك نـەبێت کـە ژمارەیـان لەپەنجـەی دەسـت زیـاتر نیـە، عەقیـدە نامەکـەی مـەولانا خالیـدی نەقشـبەندی (١٧٧٩– ١٨٢٧)، مـەولود نامەکـەی شـێخ حوسـێنی قـازی (١٧٩١– ١٨٧٠)، چەند نووسینێکی مێژووییو فۆلکلۆری مەلا مـەحمودی بایەزیدی (١٧٩٩– ١٨٦٧) .[٥٢]

هەروەها بۆ مەسەلەی بڵاوکردنەوەو گرنگیدان بـە ئـەدەبیاتیش بەهـەمان شێوە، لەگەڵ ئەوەی بەحوکمی تاقە رۆژنامەو دەنگی ئەوسـای کـورد ئەرکی سەرشانی زۆر قورس بووە، بەڵام (کوردسـتان) ئـەو لایەنەشـی فەرامۆش نەکردووە، ئەوەتا پاش ئـەوەی هەنـدێ ئاغـاو مـیری کـورد

[٥١] د. کەمال فوئاد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

[٥٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەك لەمێژوی رۆژنامەوانیی کوردی، بـەرگی یەکەم، ١٨٩٨– ١٩١٨، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٦٥.

داوایان لە (میقداد بەگ) کردووە باسی رەوشی ئەدەبیاتی کوردی یان لەرۆژنامەکەدا بۆ بکات، واتە هەندێك لەشیعرو بەیتی کرمانجی (کوردی) بنووسێت، ئەویش بەڵێن دەدات هەرجارەی هەندێ حیکایەتی باش‌و بەیتی کوردی بنوسێت، لەگەڵ ئەوانەشدا شاکاری (مەم‌و زین)ی (ئەحمەدی خانی) بەزنجیرە بڵاوبکاتەوە.[٥٣]

ناکرێ لێرەدا دەوری (کوردستان) لەیادبکەین لەگرنگیدان بەمێژوو و بڵاوکردنەوەی مێژووی کوردو ناساندنی بەرۆڵەکانی کورد، هەربۆیە سەرنوسەرەکەی هەوڵدەدات هەر ژمارەی شتێك لەو بارەیەوە بخاتە سەرکاغەزو رۆشناییەك لەمەڕ دیرۆکی لەمێژینەی گەلی کوردەوە پیشانی دنیا بدات، هەروەك لە ژمارە ١٣ وتارێکی مێژوویی لەسەر بەدرخان بەگو لە ژمارە ١٤شدا وتارێکی تری بەزمانی تورکی نووسیوە، کەهەردووکیان بایەخێکی مێژوویی گرنگیان هەیە، لەبەر ئەوەی "ئاگاداری بەنرخ‌و نەزانراویان تێ دایە لەدوایین شەڕەکانی بەدرخان بەگ لەگەڵ هێزەکانی عوسمانی‌و، گیران‌و دوورخرانەوەی بەخاوو خێزانەوە بۆ کریت‌و، ئینجا بۆ شام، تا لەوێ کۆچی دوایی ئەکا".[٥٤]

هەرلەباسی کاریگەری رۆژنامەی (کوردستان) لەبزاڤی رۆژنامەگەریی کوردیدا، پێویستە ئاماژە بە گرنگترین خاڵ بدەین ئەویش مەغزا سیاسی‌و رۆشنبیری‌و زمانەوانیەکانی (کوردستان)ە وەك ناوی یەکەمین رۆژنامەی کوردی‌و دواتریش دووبارە بوونەوەی هەمان وشەو گوزارشت لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی دوای ئەو.

دیارە قسەی زۆر لەمەڕ هەڵبژاردنی (کوردستان) بۆ ناوی یەکەمین رۆژنامەی کوردی کراوە، بەر لەهەموو لێکدانەوەیەك (کوردستان) هێمایە بۆ نەتەوەیەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەزمانی کوردی دەدوێن‌و نیشتمانەکەشیان بەو ناوە (کوردستان)ەوەیە.

[٥٣] د. کەمال فوئاد: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.
[٥٤] نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

ناوی (کوردستان) هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی بڵاوکەرەوەکەی دەردەخات بەرامبەر بەدەسەڵاتی عوسمانی کەداگیرکاری کوردستانو رووتێنەرەوەی خەڵکەکەی بووە، ئەوە دەگەیەنێ خاکێکی کوردنشین بەو ناوەوە هەیە، واتا وێڕای مەغزا سیاسیو رۆشنبیرییەکانی دیکە دوو مانای گرنگ دەبەخشێت، یەکەمیان، بەدوژمنو داگیرکەر دەڵێت ئێمە خاوەن نیشتمانێکی سەربەخۆی خۆمانینو ناوی (کوردستان)ە، دووەم، وشیاری دەداتە میللەتی کورد تا ئەو هەقیقەتە مێژووییە لەبیر نەکەین کە کوردستانیبوونمانو خەباتمان بۆ سەرفرازی ئەو نیشتمانە پێیان دەڵێت: نیشتمانی ئێوە هیچی لە نیشتمانی گەلانی دراوسێتان کەمتر نیە، تەنیا ئەوە نەبێت ئێوە چەوساوەن، ژاردەستی سوڵتانن، نەخوێندەوارن، لەبەر ئەوە سەلماندنی خاکی نەتەوەییو کوردستانو ناوە ڕەسمیەکەی رێکردنە بەرەو هێنانەدی خەونی گەورەی نەتەوەیی کورد کە ئەویش خۆی لەسەربەخۆیی کوردستانو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا دەبینێتەوە، بۆیە لەو زەمانو زەمینەیەدا وشەی (کوردستان)ی ناوو تایتڵی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بوە بە زەنگی بەئاگاهێنانەوەی نەتەوەییو، بەدوای خۆیشیدا لەکاتو شوێنی جیاوازدا لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی دیکەی بەو ناوەوە هێنا.

وەکو لەلاپەڕەکانی پێشتردا هێمامان بۆ کرد، هونەری رۆژنامەنووسی لە ژمارەکانی رۆژنامەی (کوردستان)دا بوونی هەیەو بەشێوەیەك لەشێوەکان توانیویەتی روداوەکان بەتایبەت شەڕی نێوان وڵاتان لەبەرگی (هەواڵ)دا بۆ خوێنەرانی بگوازێتەوە، لەمەشدا چەند شێوازێك لەداڕشتنی هەواڵ بەکار هاتووە، وەکو، هەواڵی رووت، راپۆرتە هەواڵ، لێدوانە هەواڵ، شیکردنەوەی هەواڵ...هتد، لەمەشەوە دەتوانین لەئێستادا بڵێین، "(کوردستان) بۆخۆی سەرچاوەیەکی گرنگو رەسەنە بۆ

تێگەیشتنی زۆر زووی لایەنی ژیانی سیاسیو روناکبیری کورد لەکۆتایی سەدەی نۆزدەمو سەرەتای سەدەی بیستەم. زانیارییەکانی ناو (کوردستان) یاریدەی مێژوونووس دەدەن لەپەیوەندی نێوان کوردو ئەرمەنو چالاکیی نیشتمانپەروەرانی کورد لەریزی ئیتیحادییەکانو، شوێنی سوارەی حەمیدی لەمێژووی نوێی کورددا، ئەو جۆرە باسانەی تێ بگات". [٥٥] هەروا (وتار) لە رۆژنامەی (کوردستان)دا پانتاییەکی بەرینی داگیرکردووە کەئەویش زیاتر خۆی لەسەروتارو ستونی رۆژنامەوانیدا دەبینێتەوە، هەروەك لەیەکەمین ژمارەیدا (١٨٩٨/٤/٢٢) سەروتاری تێدا بوە، بەچەشنێك کە گرنگترین بابەتی هەلومەرجی پەیوەندداری بەلایەنی گشتی کراوەتە کەرەستەی نووسینیو لەچوارچێوەی شیکردنەوەو رەخنەگرتن لەدەسەلاتی عوسمانیو دوژمنکارییەکانی بەرجەستە بووە.

ریپۆرتاژ–یش وەك یەکێك لەژانرە گرنگەکانی رۆژنامە، لەرۆژنامەی (کوردستان)دا بەرچاو دەکەوێت، ئەگەر بەرێژەیەکی کەمیش بێت، هەرچەند ئەو توخمە لە رۆژنامەی گەلانی دراوسێی ئێمەش لەوکاتەدا لایەنێکی ئەوەندە دیار نەبووە، بەلام لە رۆژنامەی (کوردستان)دا بەشێوەیەکی گشتی لێرەو لەوێو لەچەند ژمارەیەکدا هەندێ نووسین تارادەیەك تایبەتمەندیی ریپۆرتاژی تێدایە کەبەشێوەی گێڕانەوە (سرد)داڕێژراوە، وەکو بابەتی (کوردەکانو ئەرمەنیەکان)[٥٦] کەدەکرێ هەندێ رەگەزی ریپۆرتاژی تێدا بدۆزینەوە، وەکو وەلامی پرسیارەکانی: چی؟ (روداو)، کێ؟ (کەس)، هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر روداوەکە، لەگەڵ ئەوەی لەچوارچێوەی چیرۆکدا بەزمانێکی ئەدەبیو دراماتیکی گێڕدراوەتەوە.

---

[٥٥] د. کەمال مەزهەر: مێژوو (کورتە باسێکی زانستی مێژووو کوردو مێژوو)، دار افاق عربیە، بەغدا، ١٩٨٣، ل١٣٥.
[٥٦] د. کەمال فوئاد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤–١٢٥.

هەروەها سیمایەکی تری رۆژنامەنووسی لە رۆژنامەی (کوردستان)دا بریتیە لە بابەتو وتاری رەخنەیی، هەروەك لە ژمارە (٢)ی رۆژنامەکەدا سەرنووسەر ئۆباڵی دواکەوتنی کوردانو بڵاوبوونەوەی خوێندنو مەعریفە لە کوردستاندا دەخاتە ئەستۆی میرو ئاغاو دەرەبەگەکانی کوردو ئەوەیان بیردەخاتەوە کەئەوان کاروباری وڵاتیان بەدەستە، بۆیە هەر ئەوانیش دەتوانن کۆشش بکەن کە هاوڵاتیانی کورد لەجەهلو نەزانین رزگاریان بێت، دەنووسێت: "ئەی زاناو میرو ئاغایانی کورد ئەگەر ئەو خەڵکەی لەژێر دەسەڵاتی ئێوەدان فێری خوێندنەوە نەبنو نەیانخەنە بەرخوێندنو فێری زانینو سەنعەت نەبن ئەوا لەدونیاو قیامەتدا ئۆباڵیان لەئەستۆی ئێوەدایە".[٥٧]

هەر لەتەوەری کاریگەری رۆژنامەی (کوردستان)دا نابێ رۆڵی ئەو رۆژنامەیەمان لەبواری گەڵاڵەکردنی (رایگشتی)دا لە یادبچێت، چونکە دەریدەخات یەکەمین هەوڵی ئێمە لەم بوارەدا (رۆژنامەوانی) بەدروستی هاتۆتە بوونو، زمانحاڵی هیچ دەوڵەتو دەسەڵاتو حزبێك نەبوە، بەڵکو وەك زمانحاڵێکی شارستانێتی نەتەوەی کورد هەوڵی داوە بونیاتی (رایگشتی) بۆگەلێ قەیران بکات لەسەرووهەمویانەوە قەیرانە ئابڕووبەرەکەی (ئەرمەنقڕان)، کە بەئازایەتیەکی زۆرەوە بەپێچەوانەی ئەقڵی سیاسیو سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوەو، بەپێچەوانەی حەماسەتە ئایینیەکەیەوە لەژمارەکانی رۆژنامەکەدا بەتایبەتی لە ژمارە (٢٩)دا عەبدولڕەحمان بەدرخان سەروتارەکەی بەناونیشانی (وەزعییەتا حازرو موستەقبەلا کوردستانێ) دەربارەی کێشەی کوردو ئەرمەن لەلایەكو پیلانەکانی دەوڵەتی عوسمانیو ئەوروپا لەلایەکی تر نووسیویە کەچۆن کوردستانیان بەسەر سێ هێزدا دابەشکردووە: (ئەرمەن، کوردانی

[٥٧] د. کەمال فوئاد: سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

حەمیدی، کوردی سەربەخۆ) تاهەر خەریکی کوشتنو برینی یەکتربنو نەپرژێنە سەر مافی خۆیانو ئایندەیان.[٥٨]

بەبڕوای من جوانترین پەیڤ بۆکۆتایی ئەم تەوەرەیە لەمەڕ کاریگەری رۆژنامەی (کوردستان)ی دایك بەسەر بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردیدا ئەم چەند دێڕەی (جەمال خەزنەدار) سەرپەرشتیاری دووبارە لەچاپدانەوەی ژمارەیەك لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکانە، کەدەڵێت، "ئەو رێڕەوەی کە میقداد مەدحەت گرتییە بەرو ئەو مەشخەڵانەی کە بڵند بەرزی کردنەوە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریو نەزانیو جەورو، چەسپاندنی ئازادی پەرستیو شانازی کردن بەشکۆی نەتەوەییو، بەگەرمەوە رۆیشتن بۆ وەدەست هێنانی زانستو زانیاری لەسەرچاوەکانیەوە، بووە ڕێڕەوێکی چەسپاو بۆ زۆربەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارە کوردییانەی کەدوای (کوردستان) لەهەرکوێیەکدا دەرچوون، بەدرێژایی رۆژگاریش ئەو مەرەکەبەی لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکانی پێ پڕ دەکرایەوە، هەرگیز کەم رووناکترو کەم بەخششتر نەبووە لەو خوێنە ئاڵەی کەلەمەیدانی قوربانیدان بۆ ئازادیو شکۆی نیشتمانی گەلی کورددا رژاوە".[٥٩]

---

[٥٨] کاروان (گۆڤار)، ژمارە (١٢٠)، ١٩٩٨، رەئوف حەسەن: (رایگشتی)و پەیامی (رۆژنامەگەریی) لەگەڵاڵەکردنیدا!، ل١٣٨.

[٥٩] جەمال خەزنەدار: رابەری رۆژنامەگەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٣، ل١٢.

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم
## هەلومەرجی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیریی باشوری کوردستان
## ١٩٩٤-٢٠٠٢

## باسی دووەم
## رۆژنامەی ئەهلیو کۆمەلگای کوردی

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم:
## هەلومەرجی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیریی باشوری کوردستان ١٩٩٤-٢٠٠٢

دەبێ لەسەرەتاوە درك بەو راستیە بکەین کە کوردستان وەك ولاتێکی داگیرو دابەشکراو لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا زۆر بە دەگمەن بووە ئەزمونی خۆبەرێوەبردن بەخۆیەوە ببینێت، ئەوەیشی کە هەبووە تەمەنی ئەوەندە بری نەکردووەو پاشخانێکی کلتوریو مێژوویی دەولەمەندی بۆ جێنەهێشتووین، هەروەك خودی کۆمەلگای کوردییش لەرووی پەرەسەندنی سیاسیو کۆمەلایەتیو کلتورییەوە گەلێك لە سەردەمەکەمان دواکەوتووە، سەرەرای ئەمانەش رۆژگاری رەشی ژێر دەسەلاتی بەعسیزم کوردستانێکی خاپورو کەسێتیەکی تێکشکاوی بۆ جێهێشتووین.

لێرەشدا بەرلەباسکردنی هەریەك لەهەلومەرجەکانی باشوری کوردستان لەماوەی دیاریکراودا، بەپێویستی دەزانین، گەر وەك پانۆرامایەکیش بێت پەنجە بۆ سیاسەتی درندانەی رژێمی بەعس لەعێراق دژ بەخەلکی کوردستان راکێشین.

ئەو رژێمە نەك هەر دانی بەمافە نەتەوەییو دیموکراتیەکانی گەلی کورد لەو بەشە داگیرکراوەدا نەدەنا، بەلکو بەجۆرەها شێوە لەهەولی

لەناوبردن و سڕینەوەی شوناس و پاکتاوی ڕەگەزی دابوو، لەساڵی ١٩٨٨ بەچەکی کۆکوژی کیمیایی شاری هەڵەبجەی بۆردومانکردو، (٥) هەزار کەسی تیایدا شەهید کرد، لەچەند کات و شوێنی جیاوازیشدا لە کوردستان (١٨٢) هەزار کەسی ئەنفالکرد، بێ سەروشوێنکردنی (٨) هەزار بەرزانی، ڕاگواستنی خەڵکی پێنجوێن و قەڵادزێ و هەڵەبجەو سوتاندن و روخاندنی نزیکەی(٤٥٠٠) گوندی کوردستان و تێکدانی ماڵومولکیان و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگای زۆرەملێ کە سەرەتاییترین پێداویستی ژیانی مرۆییان تێدانەبوو، جگە لەوەی هەمیشە لەژێر چاودێری وردی دەزگا سیخوڕییەکانی بەعس بوون.

ئەمانە هەموو لەگەڵ ئەوەی ئەم ناوچەیە وێڕای بوونی خەسڵەت و پێگەی ئابوریی پتەو، لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بەتەواوی فەرامۆشکرا بوو،و مادەو کەرەستە خاوەکانی کەمتر لەپیشەسازیدا بەکاردەهێنران، دەتوانین بڵێین ئەمە بۆ بارەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریش بەهەمان شێوە ڕاستە.

ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی خەڵکی باشوری کوردستان، وەڵامێکی پڕاوپڕی تاوانکارییەکانی ڕژێمی تۆتالیتاری بەعس بوو، پاش ئەمەش گەلێك گۆڕانکاری دیکە هاتنەئاراوە، وەکو ئەوەی دوای خاوکردنەوەی سیاسەتی توندی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق، عێراق کەوتە کۆکردنەوەی هێزە شکستخواردووەکەی و، هێرشی کردەوە سەر کوردستان، بەمەش کۆڕەوە ملیۆنیەکەی خەڵکی باشوری کوردستان بەرەو ناوچە سنورییەکانی تورکیاو ئێران دروست بوو، لەبەرامبەر ئەمەشداو بۆ وەستاندنی شاڵاوەکانی ڕژێم ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی لە ٦ی نیسانی ئەوساڵەدا بڕیاری (٦٨٨)ی ڕاگەیاند. کەبڕیارەکە بەدەستکەوتێکی مێژوویی دەژمێردرێ بۆ خەڵکی باشوری کوردستان و کێشەی کوردی لەوبەشەدا هەنگاوێکی گەورە بردە پێشەوەو، ناوچەکەی کردە (ناوچەیەکی ئارام).

لەوکاتەشدا بەرەی کوردستانی (کە لەشاخو لەچەند حیزبێکی کوردستانی پێکهاتبوو) ئیدارەی بەشە ئازادکراوەکەی باشوری کوردستانی بەڕێوەدەبرد تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (١٩٩٢/٥/١٩)، کە "سەرباری هەندێ دیاردەی شێواندنو تەزویر هێشتا بەدەسکەوتێکی هەرە گرنگو مێژوویی دادەنرێ بۆ گەلی کورد کەبەپێی هەڵسەنگاندنی (کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ)، کەیەکێك بوو لەو دەسگایانەی چاودێری هەڵبژاردنەکەیان دەکرد، ئەوە یەکەم جار بوو لەمێژوودا گەلی کورد بتوانێت بەو شێوەیە تەعبیر لەئیرادەی خۆی بکات".[٦٠]

ئینجا ڕاگەیاندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (١٩٩٢/٧/٤)، بەڵام تەقینەوەی شەڕی ناوخۆ لە (١٩٩٤/٥/١)و "تەنینەوەی لەهەموو کوردستانداو ئیفلیجبوونی تەواوی حکومەتی هەرێمو پەرلەمانو هەموو دەستگا مەدەنیەکان ئیتر بەتەواوی پەردەی لەسەر ئەو دیموکراسیەتە رووکەشە داماڵی کەهەردوو حیزبە سەرەکیەکە بەردەوام لە نوشووستی خۆیان لەئاستی بەڕێوەبردنی کوردستانداو کێشەو بەربەرەکانێ ناوخۆییە ترسناکەکانی خۆیانیان پێدا دەپۆشی".[٦١]

پاشان هێنانی هێزی داگیرکەری، عێراق، ئێران، تورکیا بۆ ناو کوردستانو بەکارهێنانی بەرامبەر هێزەکەی تر، لەمەشەوە ئاوارەبوونی ژمارەیەکی دیکە لەهەوادارانی حیزبەکەی بەرامبەرو، دوو لەتبوونی حکومەت بۆ (ئیدارەی هەولێر، ئیدارەی سلێمانی)و، تێکچوونی پەرلەمانی کوردستانو دروستکردنی حیزبی بچوك بەناوی جیاجیاو دروشمو بەرنامەی جیاوازەوە لەپێناو بەکارهێنانی بەرامبەر هێزەکەی تر.

جگە لەشەڕی نێوان هەردوو حیزبە سەرەکیەکەش (پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، یەکێتیی

---

[٦٠] رەهەند (گۆڤار)، ژمارە (٢)، ١٩٩٧، بەرزان فەرەج (ئامادەکردن): چەند لاپەڕەیەکی رەش لەوەهمی دیموکراسیەتدا، ل٢٣٧.
[٦١] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی جەلال تالەبانی)، شەڕی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەگەڵ هەردووکیان، شەڕی هەردوو حیزبەکە لەگەڵ رەوتە ئیسلامیە توندڕەوەکان، تادەگاتە رێککەوتننامەی واشنتۆنو، لەوێشەوە بۆ رەوشی نەشەڕ نە ئاشتی، ئینجا زیاتر لە سەد کۆبوونەوەی ئاشتی، دواتر هێوربوونەوەی زیاتری بارودۆخەکە بەفشاری دەوڵەتە گەورەکانو کردنەوەی هەندێ بارەگا لەناوچەکانی یەکتر.

هەرلەوماوەیەدا سەندیکاو رێکخراوی جۆراوجۆر دروست بوون، بەڵام هەموویان پاشکۆی هێزە سیاسییەکان بوونو، نوێنەری هەریەك لەو حیزبانە بوون لەناو ئەو چین یان توێژە دیاریکراوەدا، هەروەك لەهەردوو ئیدارەدا هەڵبژاردن لەناو ئەو رێکخراوانەدا ئەنجامدەدرا، ئەمەش لەکورتترین ئاماژەدا ئەوەمان پیشان دەدا کەهۆیەك بووە بۆ تاقیکردنەوەی حیزبەکانو زانینی سەنگو قورساییان لەناو ئەو کەرتەی کۆمەڵگادا.

وەك چۆن هەڵبژاردنی شارەوانییەکان–یش گەمەیەکی دیکەی دەسەڵاتی کوردی بوو لەهەردوو ئیدارەداو، وێڕای ئەوەی بەخۆشحاڵیو رەزامەندی سەرجەم حیزبەکانی تریش، ئەمەش بەهەمان شێوە لەپێناو تێگەیشتن لەحاڵی خۆو سەنگو قورساییانە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێ ئەوەمان بیربچێ کەهەریەك لەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کەلەو ماوەیەدا سەریانهەڵدا، هێنانە کایەی قۆناغێکی نوێ بوو بۆ هاوولاتیانی ئەو ناوچەیەی کەبەهەرێمی کوردستان ناسرابوو، سەرباری ئەوەی ئەگەر بەشێوەی سەرەتاییش بووبێت راهێنانێك بوو لەسەر ژیانی دیموکراسیانەو هاتنەکایەی چەند چەمکێکی نوێ بوو لەبابەت، ئازادی، دیموکراسی، فرە حیزبی، ...هتد، هەروەك دەسەڵاتی کوردی هەنگاوی لە "بوارەکانی پاراستنو هێمنیو ئاسایشی هاوولاتیانو ئاوەدان کردنەوە"[٦٢] هاویشتووە.

---

[٦٢] د.ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: سیمای شیعری کوردی دوای راپەڕین ١٩٩٢–٢٠٠٢(بە نموونەی شیعرەکانی–کوردستانی نوێ–وە)، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٣.

هەروەها لەگەڵ ئەوەی پەرلەمان پاش ئەو هەموو ساڵەو، نەمانی هیچ متمانەیەکی خەڵکی کوردستان پێی جارێکی تر پێکهێنرایەوە، کەچی هەردوو ئیدارەکە وێڕای بەڵێندانیشیان بە خەڵکی کوردستان، یەکنەخرانەوە.

هەروا هەلومەرجی ئابوریی باشوری کوردستان لەدوای وەدەرنانی رژێمی بەعس رووبەرووی دۆخێکی ئاڵۆزو دژوار بووبۆوە، چونکە شیرازەی دەزگا خزمەتگوزاریو ئابورییەکان بەتەواوەتی تێکچوو بوو، ئەوەی دەبینرا، ولاتێکی وێران، ژێرخانێکی داتەپیو، رژێم موچەی کارمەندانی بڕیبوو، کۆمەڵانی خەڵك لە بێ ئاوو کارەباو داوو دەرمانی تەندروستی دەیانگوزەراند، بۆیە راستکردنەوەی ئەو بارە نالەبارە هەم توانایەکی ماددی زۆرو، هەمیش توانای مەعنەوی کە خۆی لە کادری شارەزای دەزگاو بوارە جیاجیاکاندا دەبینێتەوە، دەویست، وێڕای ئەوەی ئەم پرۆسەیەش کاتێکی پێویست بوو، ئەمانەش لەسەرەتادا بۆ دەسەلاتی کوردی ئەرکێکی ئاسان نەبوون، سەرەڕای ئەوەی چوونە ژێر ئەو بارە ئۆباڵێکی مێژوویی گەورەبوو، لەبەر ئەوە نابێ ئەو هەقیقەتە ون کەین کە تەنها ساڵێك پاش شەڕی (عێراق–کوەیت)"داهاتی هەر تاکێکی عێراقی ٦٪ هاتبووە خوارەوە"[٦٣] کەئەمەش بۆ خۆی مانای بەرزبوونەوەی راستەوخۆی نرخی کەلوپەلو، خولقانی زنجیرەیەك کێشەی کۆمەلایەتی و ئابوریو بلاوبوونەوەی پەتای تەندروستیو...تادیە لە کۆمەڵگادا.

هەرچەند ئەمانە هاولاتیانیانی زۆر بێزار کرد، بەلام هەرگیز وایاننەکرد نەتوانن خۆیان راگرن، بەڵکو لەو رەوشەشدا کۆمەلانی خەڵكو لە پێش هەمووشیانەوە فەرمانبەرو مامۆستایان بەرگەی دۆخە

[٦٣] د.مصطفى الانصاري: العراق، الامم المتحدة، بنك المعلومات العراق، ١٩٩٨،ص٤٠.

ناهەموارەکەیان گرتو، ماوەیەکی زۆریش بێ موچە دەوامی ئاسایی خۆیان کرد.

سەرباری ئەمانەش هاولاتیانی سنوری دەسەلاتی کوردی لە باشوری کوردستان، وەك چۆن لە چەند ساڵی پێشتردا هەمیشە دەنگیان بۆ ئازادی هەڵدەبڕیو خوێنی زۆریان بۆ ڕشتو خەباتی نەپساوەیان لە پێناودا کرد تا پێی گەیشتن، ئاواش، لەو هەلومەرجە نالەبارو ڕۆژگارە دژوارەی کە ولاتەکەیان لەرووی ئابورییەوە، تێیکەوتبوو، بەردەوام داوای نانو گوزەرانو ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیانو پرۆژەی ئابوریو خزمەتگوزارییان لە حکومەتی هەرێم دەکرد.[٦٤]

بۆیە تاکو" بارگرانی ئابلۆقەی ئابووری سەر هەموو عێراق سوکتر بکات، بە تایبەتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق"[٦٥]، کۆمەڵی نێونەتەوەیی لە روانگەی ئەو باری هەلاوسانە ئابورییەی عێراقو، بۆ رزگارکردنی گەلانی لەو مەرگەساتانە، بەهۆی ڕێکخراوی ئەنجومەنی ئاسایشەوە بڕیاری ٩٨٦ی دەکرد، بەگوێرەی ئەو بڕیارە ڕێ بە حکومەتی عێراق درا لەماوەی شەش مانگدا بایی دوو ملیار دۆلار نەوت بفرۆشێتو، لەو بڕە پارەیە ٥٣٪ ی بۆ کڕینی پێویستیە مرۆییەکانی باشورو ناوەڕاستی عێراقو ١٣٪شی بۆ کڕینی پێداویستیی مرۆیی هەرێمی کوردستان تەرخانکرا.

لەو ماوەیەشدا حکومەتی هەرێم زۆر پرۆژەی گرنگی ئابووریو خزمەتگوزاری جێبەجێ کرد، بەرچاوترینیان پرۆژەی نەوتی شیواشۆك بوو، هەروەها توانی تاڕادەیەك پارسەنگی ئابووری رابگرێ، وێڕای مووچەدانی ئەو ڕێژە زۆرەی کاربەدەستو فەرمانبەرانی حکومەت،

[٦٤] د.فوئاد مەعسوم: ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی یەکەم، ساڵی ١٩٩٧، ل٣٩٤.

[٦٥] د.کەمال خەیات: گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژ٢٩، ساڵی ٢٠٠٠، سلێمانی، ل٥٠.

مانگانە بەردەوام دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکانیشی دەداو، مووچەیەکیشی بۆکەس‌و کاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان بڕیەوە.

دواتر باری ئابووریی باشوری کوردستان بەرەو ژیانەوەو، باری گوزەرانی خەڵکیش بەرەو باشتر هەنگاوی نا، کەرتی تایبەت بەڕێژەیەکی بەرچاو سەریهەڵداو گەشەی کردو، کۆمپانیاو کارگەی زۆری تایبەتی کرانەوە.

بەدەرلەمانەش باشوری کوردستان، سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتەکەی بریتی بوو لە دەروازە سنورییەکانی کە لە رێگەی گومرگەکانەوە وەدەستدەخرا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە "گروپە کوردییەکان هەرگیز نەیانتوانیوە گەشە بەو زۆنە ئازادانە بدەن بۆ پرۆژەیەکی ناسیۆنالی، واتە ئەو شێوە ئابوورییەی کەلە زۆنە ئازادەکاندا بووە لە ساتەوەختی چوونە ناو دەزگاو بوونی سیستمێکی ئیداری نەگۆڕاوە بۆ جۆرێکی دیکە، بۆیە ئەو نوخبە ئابوورییەی کەلە کوردستاندا دروستبووە، هەوڵدەدات پەلبکێشێت بۆ دەرو دراوسێکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە هەموو کەناڵەکانی سامانی خۆی لەگەڵیاخستۆتەگەڕ. ئەو جۆرە ئابوورییە جۆرێکە لە ئابووری کە بە ئابووری (چەتەیی) یان (مافیایی) یاخود (سوب ناسیۆنالی) ناوی بنێین، لەبەر ئەوە لەسەر ئاستی دوور یا نزیك دەوڵەت لەگەڵ ئەم جۆرە ئابوورییەدا مامەڵە ناکات، چونکە قاچاخ کە کۆڵەکەی ئەم ئابوورییەیە دژ بە ئابووری نەتەوەییە، بۆیە هیچ کات دەوڵەتی ناسیۆنال رێگانادات قاچاخ ببێ بە سیستەمێکی ئابووری‌و زیان بە ئابووری نەتەوەیی بگەیەنێت.کەواتە کێشەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو شێوە ئابوورییەی کەلە زۆنە ئازادەکاندا هەبووە، ئەمڕۆ بۆتە زۆنێکی گەورەترو لەلایەن سیاسەتی نێودەوڵەتیشەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان پارێزراوە ..، بەڵام بازرگانیی کە هەڵبەت لە حاڵەتی کوردستاندا بە تەنێ قاچاخ دەگرێتەوە، تاکە کەرتێکی ئابوورییە کەکاردەکات، کەرتە ئابوورییەکانی دیکە هەر

هەمووی فەرامۆشکراوەو خنکێنراوەو حیزبە کوردیەکانیش هیچی جیدیان نەکردووە بۆزیندوو کردنەوەی، گەر نەڵێین بۆخۆیان لەناوبەری کایەکانی ترن (نموونەی ئاودیوو کردنی نزیکەی تەواوی ژێرخانی کوردستانو فرۆشتنی بەئێران گەلێك زۆرن، سکالای حیزبە سیاسییەکان بەوەی گوایە دوو گەمارۆیان بەسەرەوەیە، لەبەردەم خلبوونەوەی تایەکان لەخاکی کوردستانەوە بۆ ژێر ماشێنە سەربازییەکانی بەعس پووچەڵدەبێتەوە)..".[٦٦]

پاشان هەردوو حیزبە سەرەکییەکە لەسەر ئاستی ئابووری ٣٠٪ی داهاتی کوردستانیان بۆ پەرلەمان داناو باقیەکەشیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردو، ئەوە بوو لەدواییشدا هەر ئەمە بووە هۆکاری تەقینەوەی ناکۆکییەکانیان کەخۆی لەشەڕی ناوخۆدا بینیەوە.

ئەگەر هەلومەرجی سیاسیو ئابووری باشوری کوردستان لەو دۆخە ناهەموارەدا بووبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین، ئەمە کاریگەری راستەوخۆشی بۆسەر رەوشی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە لەکۆمەڵگایەکدا (شەڕ) لەسیما دیارەکانی بێتو، هەلومەرجی ئابووری-یش لەباری دژواری خۆیدا بێت، ئەی دەبێ لەرووی کۆمەڵایەتیەوە لەچ حاڵێکدا بیگوزەرێنێت؟!

لەگەڵ ئەوەی ئەو کلتورەی لە بەعسەوە مابووەوەو رەگی قوڵی هەبوو، هەروا بەئاسانیش نەدەتوانرا ریشە کێش بکرێ، بەڵکو جارێکی دی ببۆوە بە شوناسی کەسێتی کوردیو لەبەرگێکی تردا خۆی نمایش دەکردەوە.

خراپی ئەو بارە دەروونیو کۆمەڵایەتیەی ژنو منداڵانی قوربانیانی شەڕی چەند جەولەی ناوخۆ، کەمتر نیە لەباری خراپی دەروونیو کۆمەڵایەتیی ژنو منداڵانی شەهیدو ئەنفالکراوان، هەروەك چارەنووسی نادیاری دیلەکانی شەڕی ناوخۆو، بێهودەییو چاوەڕوانیەکانی ژنو

---

[٦٦] رەهەند (گۆڤار)، ژمارە (٢)، ١٩٩٧، مێزگردێك لەنێوان (بەختیار عەلی، ئاراس فەتاحو مەریوان وریا)دا: وێنەو تراژیدیا، ل٥٥-٥٦.

منداڵـەکانیان لـەهی ئەنفالـەکان کـەمتر نیـە، ئەگـەر وەك ڕێـژەش زۆر کەمتربێت.

بێـوەژن بـوونی سـەدان ژنو هـەتیو بـوونی سـەدان منـداڵ، کـەژنو منداڵ دوو بێگوناهترین بوونەوەری هـەر کۆمەڵگایـەکنو، دەبـێ لەشـەڕی بەرژەوەندی هێـزە سیاسـییەکاندا سووچـی ئـەوان چـی بێـتو بۆ ئـەوان باجەکەی بدەن؟

بەهۆی باری نالەباری ئابوورییەوە، لادانی زۆر خێزان لەڕووی ئاکارو ڕەوشـتی کۆمەڵایـەتیو، ناچـاری فرۆشـتنی ئـەوەی کـە لەکۆمـەڵگادا بـە (شەرەف) نـاوەزەد کـراوە، بـەڵام دەبیـنین لەگـەڵ بـەرەو باشـتر بـوونی ڕەوشــە سیاســیو ئابوورییەکــە، دۆخــی کۆمەڵایــەتیش کــەمێك هاتــەوە ســەرخۆیو، ئـیتر هاووڵاتیـانیش لەرزگاربوونـدا بـوون لـەو هەلومەرجـە نالەبارە کۆمەڵایەتیە.

لەڕووی ڕووناکبیری–یشـەوە، ئەگـەر لەسـەرەتادا هـەر وابەسـتەی کەلتوری بـەعس بـووبێتن، دوای ماوەیـەك وردە وردە بـەرەو دۆزینـەوەی ستایلی کوردیانـە هـەنگاونرا، دەزگـاو ناوەنـدو سـەنتەری ڕۆشـنبیری زۆر بەناوی جیاجیا کرانەوە، هەرچەند لەمەشیاندا دیسـانەوە (حیـزب) خـۆی لەپشتیانەوە مـەڵاس دابـوو و، بەدیوەکـەی تریانـدا بـۆ مـەهامو ئامـانجی حیزب کەوتبوونەوە، بەڵام نابێ ئـەوەشمان لـەبیر بچـێ، سـەرەڕای ئەمـە خزمەتی بەبارە ڕۆشـنبیرییەکە گەیانـدووەو، ڕێگـەی بۆهاتنـە پێشـەوەی قەڵەمی نوێو دەنگی تازە کردۆتەوە.

## باسی دووەم:
## رۆژنامەی ئەهلیو کۆمەڵگای کوردی

هـەروەك لەتـەوەری (پێگـەی رۆژنامـە لـە کۆمـەڵگا) دا لـە چـەمکی (دەسەڵاتی چـوارەم) دوایـن کـە مەبەسـت لێـی دروسـتبوونی دەسـەڵاتی رۆژنامەنووسـییە، چـۆن رۆژنامـەوانی دەبێتـە ئـەو هێـزەی بەهۆیـەوە کۆمەڵگا بتوانێت چۆنێتی بەکارهێنانی دەسـەڵات چـاودێری بکـات، چـۆن رۆژنامەنووسـان دەتـوانن چـاودێری دەسـەڵاتداران بکـەن؟! چـونکە بەرگریکردن لە کۆمەڵگا لەبەرامبەر هێزە باڵا دەستەکانی نێو خـودی ئـەو کۆمەڵگایە ئامانجی سەرەکی (دەسەڵاتی چوارەم)ە، ئەوەیشی دەتوانێت ئەم دەسـەڵاتە بپارێزێـت دەسـتورێکی دیموکراسـیە کـە پێشـوەخت سـێ دەسەڵاتەکەی تری لەیەکتر جیاکردوّتەوە و(دەسەڵاتی چوارەم) یـش بـە رۆژنامـەوانان دەبەخشـێت، نـەك چـەك و سـوپاو دەزگـای میلیشـیاو سیخوری، هەروەك دیموکراسی خۆیشی، پێش ئەوەی یاسایەکی نووسراو بێت، کلتورێکە لە رێگەی نوخبـە جیاجیاکـانی کۆمـەڵگاوە لـەناو هـەناوی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا ریشـە دادەکوتـێو دەبێتـە نـەریتێك کـە لـە هەڵسوکەوتی رۆژانەی تاكو گروپەکانی کۆمەڵگا رەنگدەداتەوە.

کاتێك باس لە رۆژنامەگەریی دەکەین لە کۆمەڵگای کوردیی باشـوری کوردسـتان، لەبـەردەم دوو مۆدێـل دایـن، (رۆژنامەنووسـیی بـەعس، رۆژنامەنووسیی شۆڕشی کوردستان) دوو مۆدێلی جیاواز، بـەڵام لێکچـوو، چـونکە "لـە مـۆدێلی شۆڕشـدا رۆژنامـەنووس پێشـمەرگەیەو وەك پێشمەرگەش چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت گوێڕایەڵی داخـوازیو ویسـتو

پلانەكانی ئەو حیزبە سیاسییە بێت كە كاری تێدا دەكات، ئەو كارەشی كە ئەنجامیئەدات بریتییە لەبەرهەمهێنانی گوتارێكی حەماسیی بۆ كۆكردنەوەی خەڵك لەدەوری حیزبو لەدەوری شۆڕش. لەدووهەمیاندا رۆژنامەگەر فەرمانبەری دەوڵەتەو دەبێت وەك فەرمانبەرێك بجوڵێتەوە، ئەوەی دەوڵەت داوایدەكات، كەبێگومان داواكارییەكی فاشیانەو دیكتاتۆریانەیە، پیادەی بكات. گەر ئەمەشت نەكرد بكوژرێیت یان بگیرێیت یان راونرێیت"[٦٧]. بێگومان ئەم فۆرمەی رۆژنامەوانی–یش تەواو پێچەوانەی ئەو رۆژنامەوانییەیە كە دیموكراسیەت ئیدارەی دەكاتو لەگەڕانی بەردەوامدایە بەدوای هەواڵو زانیاری وردو هەنووكەییدا كە كۆمەڵگە پێویستی پێیەتیو لەبنچینەشدا بەمەبەستی پیادەكردنو بونیادنانی دیموكراسیەت ئاراستە كراوە.

هەر لەمەشەوەیە ئەو پەتای شكاتكردنەی كەلەباشوری كوردستانداو لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا یەخەی رۆژنامە ئەهلییەكانی گرتوە هیچی لێ سەوز نابێت جگە لە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەو مۆدێلی رۆژنامەنووسییەی كەبەعس خوڵقاندبووی، لەبەرئەوەی بەشێكی زۆری بڕگەكانی ئەو یاسایەی كە رۆژنامەوانانی باشوری كوردستانی پێ دادوەری دەكرێت (یاسای چاپەمەنیی هەرێمی كوردستان_ژمارە(١٠)یساڵی ١٩٩٣) هەر یاساكانی رژێمی بەعس خوێنی یان سێبەرێكی تەنكتری ئەو یاسایەن، كەدواجار ئەو وڵاتەی كردە یەكێك لە تۆتالیتێرترین ئەزمونە سیاسییەكانی سەدەی بیست.[٦٨]

---

[٦٧] هاوڵاتی(رۆژنامە)، ژمارە(٩٨)، دووشەممە ٢٠٠٢/١١/١١، مەریوان وریا قانیع: رۆژنامەنووسو حیزب كێشەی مامەڵەكردنی رۆژنامەنووس وەك فەرمانبەر، ل٩.

[٦٨] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی یاسای چاپەمەنی هەرێمی كوردستان بڕوانە، مەم بورهان قانع: ئازادیی رۆژنامەنووسیی لە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی كوردستان دا (توێژینەوەیەكی بەراوردكارییە بۆ یاساكانی چاپەمەنیی عوسمانیو عێراقیو گەڕانەوە بۆ نێو دانیشتنەكانی پارلەمان)، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو بڵاوكردنەوە، چاپخانەی راز، سلێمانی،٢٠٠١.

لەلایەکی ترەوە، "لەئاکامی زۆربیو پەرتی ئەو یاسایانەی کە کاری رۆژنامەگەری لەهەندێ وڵاتدا رێك دەخەن، گرفتێکی گەورە رووبەرووی رۆژنامەنووسو ئەو کەسانە دەبێتەوە کە کاری رۆژنامەنووسی دەکەنو وادەکا کە ئاگاداری سنووری ئازادی بیرورا دەربڕینەکەیان نەبنو نەزانن هەتا کوێیە".(٦٩)

وەك چۆن دەبینین هەر لەم چەند ساڵەدا، ژمارەیەکی زۆر لەرۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە دەرچوونو، هەندێ بەناوی گروپێك، توێژێك هەندێکی تر بەناوی ئازادو ئەهلی و....تاد، ئەمەش بابەتی بۆ دەسەڵات دروستکرد کە ئەم دیاردەیە بە دەرکەوتەیەکی تەندروست هەژمار بکاتو، بەردەوام بیبەستێتەوە بە رادەی ئازادیو فەراهەمبوونی هەلومەرجی ئازادانە، بێ گوێدانە ئەوەی ئایا هەریەك لەو بڵاوکراوانە لەو لێشاوە بێ سەروبەرەیەدا چی دەڵێن، چۆن دەیڵێن، کەی دەیڵێن، چەند جار دەیڵێنو پەیوەندی نێوان وێنەو زمان لە ساتەوەختی وتندا چۆنە؟ چونکە "ئازادی نوقسان دەمێنێتەوە، گەر لەناو هەموو رۆژنامەیەکدا، هەموو کەناڵێکدا بڕێکی زۆر ئازادی نەبوو، ئازادی ئەوە نییە تۆ ملیۆنەها دۆلارت هەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی یەك بۆچوون، بۆ سەپاندنی یەك دیدگا، بۆ بینین بەیەك گۆشە نیگا، بۆ بڵاوکردنەوەی یەکجۆرە هەواڵ، ئەوانی دیش لە پەراوێزدا بمرن. ئازادی ئەو کات بەرقەرار نابێت کە سەد رۆژنامەمان هەبێت بۆ سەد بیرو بۆچوونی جیاواز، بەڵکو ئەو کات بەرقەرار دەبێت کە چوار رۆژنامەمان هەبێت بۆ بێشومار بیروبۆچوون. لەراستیدا زۆربوونی ژمارەی گۆڤارو رۆژنامە کەلەوڵاتی ئێمەدا وەك نیشانەی دیموکراسییەت دەفرۆشرێتەوە، لە جەوهەریدا گەورەترین بەڵگەی نەبوونی دیموکراسییەتە، بەڵگەی ئەوەیە من رێگا نادەم بەتۆ لە رێگای منەوە قسە بکەیت، لەبەر ئەوە تۆش ناچاریت کونجێك بۆ خۆت پەیدا بکەیتو هەندێ شتی تیا بڵێیت، بەڵگەی ئەوەیە هەر مینبەرەو

---

69 د. کەمال سەعدی: یاسای رۆژنامەگەری، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی OPLC پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان ژمارە (٦)، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٣٦٢.

تەنیا دەنگێکی تیایە. بەڵگەی ئەوەیە پرۆسەیەك نییە بۆ دروستکردنی رای گشتی بەئازادی، بەڵکو پرۆسەیەك هەیە بۆ سەپاندنی رایەك بەسەر رای گشتیدا".[٧٠] ئەمە جگەلەوەی هەندێ کەس و گروپ بەناوی رۆژنامەنووسیی ئازادو ئەهلیەوە هاتوونەتە مەیدانەکەوەو، ناوبانگی رۆژنامەگەری ئازادیشیان ناشیرین کردووە، بەوەی لایەنێك یان حیزبێك لەژێرەوە تەمویلی رۆژنامەکەیان دەکات، ئەو کاتەش رۆژنامەکە دەبێ بەدەسکەلاو شۆرەتی رۆژنامەوانی سەربەخۆ لەکەداردەکات، چونکە تەماشادەکەی لەمانشێتەکانی بگرە تا هەواڵو وتارەکانی هەست بەو لایەنگیرییە دەکرێت، ئەمەش پەیوەندی بە ئەخلاقیاتی رۆژنامەگەرییەوە هەیە، ئەخلاقی رۆژنامەگەری لەرووی لایەنگیری، لەرووی دادوەری، لەرووی بەرپرسیاریو دارشتنەوەی هەواڵ، بە داخەوە تا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە وەك پێویست لە چەمکەکانی ئەخلاقی رۆژنامەنووسی بگەین.[٧١]

هەروەها خۆی لەدایکبوونی رۆژنامەی ئەهلی لەهەستکردنە لەوبۆشاییە کە لەرۆژنامەی حیزبیدا هەیە، بۆشایی لە ونی دەنگی خەڵك، غیابی لەگواستنەوەی خەمەکانی کۆمەڵگا لەسەر شەقامەوە بۆسەر رووپەڕی رۆژنامە، بۆیە کەبەردەوام کۆمەڵگا خرایە پەراوێزەوە، کاتێك لەنێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتی کوردیدا دەروازەیەکی کراوە بەدی نەکرا، هیچ حسێبێك بۆهاووڵاتی نەکرا، پەنجەرەکان بەروی بیرو بۆچونی مۆدێرن و پەیوەندییە فرە دەنگو رەنگەکان داخران، ناتوانین ماناکانی ئازادی لەوکۆمەڵگایە بچنینەوە، وەك چۆن ناتوانین لە رۆژنامەکانماندا لەدەرەوەی کۆمەڵگا ئازادی هەڵگرینەوە .

ئەگەر یەکێك لەبنەماکانی رۆژنامەی ئەهلی بریتی بێت لەکرانەوە، کرانەوە بەمانای نزیکبوونە لە تخوبەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو

---

[٧٠] بەختیار عەلی: وەڵام لە رۆژگاری ونبونی پرسیاردا(سیازدە چاوپێکەوتن)، چاپخانەی قانع، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥٢–٥٣.

[٧١] کاروان(گۆڤار)، ژمارە(١٨١)، نیسانی ٢٠٠٤، فەرەیدون سامان (چاوپێکەوتن): رۆژنامەنووسی کورد تائێستا نەیتوانیوە دەرگاکانی دەسەڵاتی کوردی بکاتەوە، (وەڵامی مەم بورهان قانع)، ل١٢.

ئۆرگـانیزەکردنی کۆمـەڵگا، یـاخود هەوڵـدان بـۆ ئاراسـتەکردنی خوێنـەر بەگیانی شارستانیانەو، دورکەوتنەوە لە عەقڵی خێڵ‌و بیری کۆنە پارێزی، ئایا دەتوانین بڵێین رۆژنامەی ئەهلی لە باشوری کوردستاندا بـەم ئەرکـە هەسـتاوە؟ چـونکە لەبچـوکترین نمونـەدا، ئەورۆژنامانـە لەبەرامبـەر هەڵوێستی سلبی‌و فەتوای سەلەفیی رۆژانەی وتاربێژو پیاوە ئاینییـەکانی مینبەری هەندێ لەمزگەوتەکان جگە لە چەند وتارێکی کورت چییان وت؟ مەگـەر رەخنـە گـرتن لـەبونیادی کۆمەلآیـەتی‌و گوتـاری پاشـکەوتوویی کۆمەڵگا یەکێك نییە لە ئەرکە سەرەکییەکانی رۆژنامەی ئەهلی؟

هەروەها مەسەلەی سازشنەکردنی رۆژنامەی ئەهلی لـە هـەر کێشـەو پێشـهاتێك یـەکێکی تـر بـوو لەبنچـینەکانی ئـەوجۆرە رۆژنامەیـە، کەچـی دەبینین رۆژنامەی (هاولآتی) وەك دیارترین رۆژنامـەکانی کوردسـتان‌و پـڕ تیراژترین رۆژنامە کە بانگەشەی ئەهلیبوون دەکات دوچـاری ئـەو سازشـە بۆتـەوە، ئـەوەتا ( نیهـاد جـامی ) کەماوەیـەك بەرپرسـی نوسـینگەی هەولێری رۆژنامەکە بووە دەڵێت ،"مـن نوێنـەری ئـەو هەفتەنامەیـە بـووم لـەدادگایی کردنـی رۆژنامـە نـووس (هاشـم زێبـاری ) لـەدهۆك، کـەدوای دادگاییەکە وتـارێکم نووسـی بـەناوی (هاشـم زێبـاری بۆچـی حـوکم درا؟) کەچـی وتارەکـە بـلآو نەکرایـەوە، بیـانووی هـاوڕێ ئازیزەکـانم لـەو هەفتەنامەیـە ئـەوەبوو کـە ئـەو وتـارە تەشـهیری تیایـە، لەکاتێکـدا تـەئویلکردن بـوو بـۆ وتـەی نـاو هـۆڵی دادگـا، بـەلآم راسـتەوخۆ دواتـر هاوڕێکانم وتیان پارتی ئەوەمان لێ‌قبوڵناکات و لەوانەیە نوسینگەکەمان پێدابخات، ئەوەبوو بۆ ئەوەی نوسینگەکە دانەخرێت وتارەکـەی مـن بـلآو نەکرایەوەو لە ئەنجامدا دەستم لەکار کێشایەوە".[٧٢]

ئەگەر لە سادەترین پێناسـدا میتـافۆری (ئاوێنـە) ئـەو هێمایـە بێـت کەرۆژنامـەی پـێ بچـوێنرێت، رۆژنامـە ئـەو ئاوێنـە ڕەمزیەیـە کـە وێنـە جیاوازەکـانی کۆمـەڵگا پیشـان دەدات، دەتـوانین بەسـەرنجدانێکی خێـرا لەرۆژنامەکانی باشوری کوردستان بگەینـە ئـەوەی کـە رۆژنامـەی کـوردی ئەوەندەی سەرقاڵی پیشاندانی وێنـەکانی حیزبـە بـە کۆمـەڵگای کـوردی، ئەوەنـدە خـەریکی پیشـاندانی وێنـەکانی کۆمـەڵگای کـوردی نییـە بـەو کۆمەڵگایە خۆی، هەروەك لە بەرامبەریشدا (رۆژنامەی ئـەهلی) ئێستاشـی

[٧٢] کوردستانی نوێ(رۆژنامـە)، ژمـارە(٣١١٢)، سێشـەممە ٢٠٠٣/٧/٨، نیهـاد جـامی: هاولآتی‌و کوردستانی نوێ لە گفتوگۆیەکی تاکرەهەندا، ل٧.

لەگەڵدابێ نەیتوانیوە ببێتە ئەو ئاوێنە رەمزیە گەورەیەی کۆمەڵگا، چونکە لەیەکەم وردبونەوەدا ئەوە روندەبێتەوە کەسێك بیەوێت لەرێگەی رۆژنامەوە ئاگاداری بارودۆخی باشوری کوردستان بێت، پێویستی بەوە دەبێت لەیەککاتدا سێ رۆژنامە بخوێنێتەوە، رۆژنامەی هەردوو حیزبە دەسەلأتدارەکە لەگەڵ رۆژنامەیەکی ئەهلی، لەبەرئەوەی هیچ کام لە رۆژنامەکان بەتەنها ئارەزووی خوێنەر لە وەرگرتنی هەواڵو زانیاریدا تێرناکەن، رۆژنامەی هەردوو حیزبەکە تەنها هەواڵە تەشریفاتیەکانی تایبەت بەخۆیانو هەرێمەکەی خۆیان بلأودەکەنەوەو رۆژنامە ئەهلیەکەش تەنها سیما دزێوەکان دەردەخەن، بەمەش خوێنەر بە خوێندنەوەی تەنها رۆژنامەیەکیان وێنەی ناتەواوی لەسەر کۆمەڵگا لادروست دەبێتو لەو بارەشدا رۆژنامە نابێتە ئەو ئاوێنەیەی کەباسمانکرد، بۆ رۆژنامەی ئەهلی لە کۆمەڵگای کوردیدا نەبووە بە رۆژنامەی هەمووان؟! ئەمەش لەوەوە هاتووە کە"گەورەترین گرفتی میدیاکان دۆزینەوەی جۆرێکە لە پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە بەدیوەکەی دیکەش پەیوەندی کردنە بە ناوەوەی خۆیەوە، بەو مانایەش لەرێگەی رووەکانی دەرەوەی میدیای کوردییەوە، ئەو میدیایەی کە تاکو ئێستا لاڵەو زمانێکی تایبەتی سەربەخۆی دانەهێناوە بۆ پەیوەندی کردن، ئەو میدیایەی کە تائێستا هێڵە سەرەکییەکانی کارکردنو میکانیزمەکانی بەردەوام پەردەپۆش دەکات مەحاڵە باس لە کۆمەڵگاو هۆشیاریی کۆمەڵگاو بزاڤی رۆشنبیریو ئەدەبیو هونەری بکەین، واتە دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە رووەکانی میدیای کوردی هەمیشە لە پشت کۆمەڵە دەمامکێکی ساختەو فریودەرەوە کارەکانی خۆی رادەپەڕێنێ، تێگەیشتن لەو بیرکردنەوەو میکانیزمەش وەك پێویست بریتی نییە لە تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگا، چونکە هەرگیز میدیای کوردی ئەو ئاوێنەیە نییە کە کۆمەڵگا بەدیهێنانی مومکینەکانی خۆی تیایدا دەدۆزێتەوە، میدیای کوردی هەرگیز بیر لە تەرجەمەکردنی خەمەکانی کۆمەڵگا ناکاتەوە، بەڵکو هەمیشە کار بۆ ئەوە دەکات کە کۆمەڵگا بخاتە ژێر هەژموونی پێوانە لەکارکەوتووەکانی خۆیەوە". [٧٣]

[٧٣] کاروان(گۆڤار)، ژمارە(١٨١)، نیسانی ٢٠٠٤، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا: میدیای کوردی لەدەرەوەو ناوەوەی خۆی، ل٣٦-٣٧.

# بەشی سێیەم

## باسی یەکەم
## رۆژنامەی ئەهلی لە باشوری کوردستان
## ١٩٩٤-٢٠٠٢

### تەوەری یەکەم
### رۆژنامەی ئەهلیو ئەزمونی کوردیی

### تەوەری دووەم:
### رۆژنامەی ئەهلی لە باشوری کوردستانو لۆژیکی رەخنە

## باسی دووەم
## کاریگەری رۆژنامەی ئەهلی لە بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردیدا

# بەشی سێیەم

## باسی یەکەم:
## رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری کوردستان
## ١٩٩٤- ٢٠٠٢

### تەوەری یەکەم:
### رۆژنامەی ئەهلیو ئەزموونی کوردیی

لـەم تەوەرەیـەدا دەمـەوێ لـەو بێویژدانییـە گەورەیـەوە دەسـت پێبکەم، کەهەندێك لێرەو لەوێ بە بیانووی رەخنەوە هێرش دەکەنەسـەر ئەزموونی کوردیی‌و، بە ئەزموونی بەعس بەراوردی دەکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەرهەمهێنانی تیرۆرە لەناو نووسینو فیکرو مەعریفـەدا، چـونکە " گوناهێکی گەورەیە ئەزموونی کوردستانی عێـراق بـە ئـەزموونی بـەعس بەراورد بکەین، ئەوی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئامادەیە بە چەندان هەنگاو لە پـێش ئـەو سیسـتمەوەیە کـە بـەعس لـە عێراقـدا بینـایکردووە، بـەڵام باشتربوون لە بەعس مانای دیموکراسـیبوون ناگەیـەنێت. بـەعس هێزێکـی فاشییە، نەبوون بە فاشییەت مانای ئـەوە نییـە تـۆ دیموکراسـیتو رێـزی مافەکانی مـرۆڤ دەگریـتو ئـەو دەسـەڵاتەی هەتـە بـە شـێوەیەکی خـراپ بەکاری ناهێنیت. دەسەڵاتێك بۆئەوەی ببێت بە دیمـوکراتو رێـزی مـرۆڤو کۆمەڵگا بگرێتو هاوڵاتیان بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵەکات، ئەوەندەی

بەس نیە لە بەعس نەچێت، بەڵکو دەبێت هەڵگری زۆر کارەکتەری دیکە بێت. لە پێش هەمووشیانەوە لێکجیاکردنەوەیدەسەڵاتەکان، دروستکردنی میکانیزمی تایبەتی چاودێریکردنو لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی و یاسایی سەربەخۆ و لە هەمووشی گرنگتر ئامادەبوونی هەموولایەنەکان بۆ چاودێریکردنو لێپرسینەوەی یاسایی" [٧٤].

لەو نێوانەشدا، لەسەردەمی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیاو گەشەی بەردەوامی کۆمەڵگای مرۆیی، هەر کۆمەڵگایەك بیەوێت بەرگری لە مافو خواستەکانی خۆی بکات پێویستی بە سیستمێکی دادگایی راستەقینەو سیستمێکی راگەیاندنی ئازاد هەیە کە چاودێری دەسەڵاتدارەکانی بکات، بەڵام دەبینین لە باشوری کوردستاندا نەك هەر دەسەڵاتەکان لە یەکتری جیانەکراونەتەوە، بەڵکو نوخبەکانیش هەروا. وەك چۆن جۆرە تێکەڵییەك لەنێوان هەریەك لەو نوخبانە هەست پێدەکرێت، زۆرجار نوخبەی سیاسیو نوخبەی ئابووری یەکێکن، نوخبەی سیاسیو نوخبەی رۆشنبیری هەمان نوخبەنو...تاد. ئەمەش دەریدەخات کە هیچ کام لەمانە لەسەر بنچینەی ئەو پیشەیەی کە هەیەتی دەسەڵاتی نیە، بەڵکو دەسەڵاتیان لەوەوەیە ئاخۆ لەکوێی هێزی دەسەڵاتدارەوەن، بۆیە بێگومان دەتوانین بڵێین، لە کۆمەڵگایەکدا سێ دەسەڵاتە سەرەکیەکەی تێدا جیانەکرابێتەوە، دەسەڵاتی چوارەمی تیادا دروست نابێت، واتا لێکجیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکان پێشمەرجی در وستبوونی دەسەڵاتی چوارەمە. هەروەها جیاکردنەوەی ئەم سێ دەسەڵاتە پرەنسیپێکی گرنگە بۆ رێگاگرتن لەستەمکاری (استبداد).[٧٥]

[٧٤] هاوڵاتی(رۆژنامە)، ژمارە(٩٩)، دووشەممە ٢٠٠٢/١١/١٨، مەریوان وریا قانیع: رۆژنامەنووسو حیزب کێشەی مامەڵەکردنی رۆژنامەنووس وەك فەرمانبەر، ل٩.

[75] د. جيهان مكاوى: حرية الفرد وحرية الصحافة، ط١، منشورات الهيئة المصرية للكتاب، ١٩٨١، ص٣٣.

له سادەترین نمونەدا، مەسەلەی دەستڕاگەیشتن بـه سەرچـاوەکانی هـەواڵو زانیـاری لـه باشـوری کوردسـتانو لەهەمبـەر ئـەزموونی کوردیـدا دەبێته کێوی مەحاڵو، نازانرێت ئـەو سەرچـاوانه چـین، ئاشـکراو ئـازادو کراوەن یان نهێنیو داخراو؟ ئایا هێزە سیاسییەکانی باشوری کوردسـتان ئامادەییـان تێدایـه زانیـاری دروسـت بدەنـه رۆژنامـەکان؟ یـان چ جـۆرە زانیاریو هەواڵێك ئاشکرادەکەنو چیش حەشـاردەدەن؟ داخـۆ رۆژنامـەی ئەهلی دەتوانێت زانیاری راسـتەقینەو تـەواو لەسـەر لایەنـه جیاوازەکـانی بزاڤی سیاسیو ئابووریی باشوری کوردستان بەدەستبهێنێت؟ بۆیـه تاکـه کـەناڵ کـه لەبـەردەم رۆژنامـەی ئەهلیـدا دەمێنێتـەوە بـۆ دەسـتکەوتنی هـەواڵو زانیـاری گوێهەڵخسـتنه بـۆ سەرچـاوە نهێنـیو نەناسـراوەکان، ئەمەش له سادەترین خوێندنەوەدا ئەگەرەکانی ناراسـتیو درۆو واتـەوات لەلایـەكو تێکچـونی شـیرازەی پەیوەنـدی نێـوان رۆژنامـەو دەسـەڵات لەلایەکی تر گـەورەدەکات، چـونکه " پرەنسـیپی ئـازادیی بەدەسـتهێنانی زانیاریـەکان تایبەتمەنـدیی شـەفافبوونی دەوڵـەت لـه کۆمەڵگایـەکی دیمەکراتیـدا بـەهێز دەکـات. ئـازادیی بەدەسـتهێنانی زانیاریـەکان ئـەوە دەگەیەنیٚ که دەبیٚ زانیاریەکانو بەڵگەنامەکانی دەوڵەت جگه له هەنـدیٚ مەسـەلەی ئاواتـەیی لەبـەر دەسـتی خەڵکیـدابیٚو وەك بەڵگـه گـەلێکی شاراوەو نهێنی پۆلێنبەندیی نەکرێن"[٧٦]، وەك چۆن شـاردنەوەی هـەواڵو زانیـاریو رێگـه نـەدان بـه بڵاوبوونـەوەی ریگرێکـی گەورەیـه لەبـەردەم کۆمەڵگایەکی کراوەدا که دیموکراسییەت بنچینەکەی بێت.

ئەوەتا کێشەیەکی لـەم بابەتـه بـۆ رۆژنامـەی (رای گشـتی) خوڵقـاو سەرنووسەرەکەی (مەم بورهان قـانع) خرایـه زینـدانی ئاسایشـی پـارتی دیموکراتی کوردستان لەهەولێرو ٣٤ رۆژ تێیدا مایەوە، لەسەر هەواڵێك که لـەژمارە(٥)دا بڵاویکردبـووەوە گوایـه تورکیـا دەسـتی گرتـووە بەسـەر (٢١٥)ملیۆن دۆلاری پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

---

[٧٦] دێڤید بێتهام–کوین بۆیل: دیموکراسی چییه؟ (ئاشنابوون به دیموکراسی)، ل١٤٠.

لێرەدا نابێ ئەوە لەیاد بکەین، کە لە هەموو دونیادا سیستمێکی دیموکراسی نابینیت کەناڵە ئابووریەکانی نهێنی بێت، نەك تەنها کەناڵە ئابوریەکانی حیزبو دەزگا رەسمیەکانی حکومەت، بەڵکو کۆمپانیاو کەرتە ئابوریەکانی تریش.

هەروەها لەکاتی شەڕی ناوخۆو، هەوڵەکان بۆ لێکترازانی ئەزموونی کوردیی لەرێگەی ئەم شەڕەوە دەبینین پشکی گەورەی بەر راگەیاندن بەگشتیو رۆژنامەکان بە تایبەت دەکەوێت، خۆ ئەوە هیچ کە بیرەوەری خوێنەری کورد لەگەڵ رۆژنامەی هەردوو هێزە شەرکەرەکە (کوردستانی نوێ، برایەتی) یادەوەرییەکی بریندارە، ئەو دوو رۆژنامەیە پێکهاتەی راگەیاندنی شەڕی کوردی بوون، ئەم یادەوەریە تا ئێستاش لەگەڵ خوێنەر هاتووەو دەستبەرداری نەبوون، چونکە " گەرمبوونو ساردنەبوونەوەی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا بەهۆی ئەو حیزبیبوونە موتڵەقەی راگەیاندنەوە بوو، ئیعلامێکی ئازاد لە کوردستاندا دەیتوانی زۆر زووتر زیانەکانی شەڕی ناوخۆ ئابلۆقە بدات رای گشتی لەدژ تەیار بکات "[٧٧]، هەرچەند لەو کاتەدا رۆژنامەی (ئەمڕۆ) هەبوو کە یەکەمین رۆژنامەی ئەهلییە لە باشوری کوردستانو بانگەشەی ئازادبوونی دەکرد، بەڵام هیچ رۆڵێکی لەم پێناوەدا نەبینی. *

هەروەك رۆژنامەی ئەهلی لە باشوری کوردستان، لە مەسەلەی هێنانی هێزی دەرەوە بۆ ناوەوەی کوردستان نەیتوانی هیچ دەنگێکی هەبێت یان راستتر بڵێم، هیچ کاریگەرییەك بخاتە سەر ئەزموونی کوردییو، شەقامی کوردیی بجوڵێنێت یاخود هاوڵاتیان بهێنێتە قسە، کە ئەمە لە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی رۆژنامە بە گشتیو رۆژنامەی ئەهلییە بەتایبەتی.

---

[٧٧] بەختیار عەلی: وەڵام لە رۆژگاری ونبوونی پرسیاردا، ل٥٣.

*(ئەمڕۆ) رۆژنامەیەکی رووناکبیریی ئازادە، یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٤/٨/١٥ لە هەولێر دەرچووەو دواتر بووە بە بەشێك لە دابەشبوونی حکومەتو لە سلێمانی درێژەی بە دەرچوون داوەتەوە.

لـە دوولـەتبوونی حکومـەتی هـەرێمو دواتـر یەکنەخستنەوەیشـی، رۆژنامەی ئەهلی نەیتوانی ئەو بابەتە گرنگە بکاتە هۆکاری رمێنـی خـۆیو زیادکردنی تیراژو بازاڕ بۆخۆی دروست بکات، دواجاریش خەڵك لە هەردوو ئیدارەکە بهێنێتە سەر شەقامو ناچاری یەك پێگرتنەوەیان بکات.

هـەروا رۆژنامـەی (پـیرەر) کـە لـە یەکـەمین ژمـارەوە خـۆی لـە ژێـر دروشمی (تـا پـیرەر بمێنێـت بـەو نـاوە دەردەچێت) راگەیانـد، جگـە لـە خۆپیشاندانی لە فـۆرمێکی گـەورەو هونـەریو قەبارەیـەکی جیـاوازتر لـە رۆژنامەکانی پێش خۆی، نەیتوانی ببێتە ئەو دەنگەی سنوری "پـیرەر"ی نێوان هەردوو ئیدارەکە نەهێڵێت.

دەربارەی مانگنامەی (بەدرخان) یش کـە وەك رۆژنامەیـەکی ئـەهلی شوناسـێکی هونـەری هـەڵگرتووە، نـەیتوانیوە ببێتـە خـاوەن گوتـارێکی رەخنەیی قـوڵ لـە بوارەکـەدا، بـەڵکو تـەنها لـە فـۆرمێکی رەنگاورەنگدا دووبارەکردنەوەی هەمان ئاراستەی کارکردنی پێشخۆی بووە.

## تەوەری دووەم:
## رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری کوردستانو لۆژیکی رەخنە

لەبنەما سەرەکییەکانی ڕۆژنامەی ئەهلیدا بەکورتی ئاماژەمان بۆ وەزیفەی (رەخنەگرتن)کرد، ئەویش بۆ هێنانەکایەو خستنەڕوی چەندین دیالۆگ وپێشبڕکێی فیکری بوو،مەبەست لێی خامۆشکردنەوەی جیاوازییە فیکریو ئایدۆلۆژیو سیاسییەکانە،بەو مانایەی ڕۆژنامەی ئەهلی هێزە سیاسیو کۆمەلاّیەتیو ئایینیو کلتورییە جیاوازەکان لە بری ئەوەی گوللە بەیەکترەوە بنێن،فیکرو بۆچوون و لێکدانەوە بگۆڕنەوە، لەجیاتی ئەوەی لە شاخ وشارودەشتەکاندا بە گژ یەکدیدا بچنەوە لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان روو بەرووی یەکتر ببنەوە ..ئەو کاتە ڕۆژنامە هەموان، بە بیرکردنەوە جیاوازەکانەوە لەسەر یەك خوان کۆدەکاتەوە، ئەویش خوانی گفتوگۆی ئازادە،بەلاّم پرسیارەکە لێرەوەیە،ئایا رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری کوردستان تا چەند ئەم ئەرکی رەخنە گرتنەی لەخۆیدا بینیوەتەوە؟ ئایا رۆژنامەی ئەهلی رەخنە گرتنەکانی بۆ بنیاتنانی کۆمەلگایەکی خۆشگوزەرانە؟

با لە رۆژنامەی (ئەمرۆ)وە دەست پێبکەین،کە جۆرێك لە رەخنەی هێنایە ناو روپەڕەکانی رۆژنامەی کوردییەوەکە تا ئەوکات، ئەو شێوە ڕەخنەیە نەدەبینرا،ئەویش مەسەلەی (ئیسلامی سیاسی) بوو کە دواتر رۆژنامەکانی تر وەك (رۆژنامەنووس، هەوالّ) یشی گرتەوە، بەلاّم رەخنە

لەو رۆژنامەیە لەمە پتر تێپەڕی نەکردوسنورەکانی دەسەڵاتی نەبڕی تەنانەت ئەو لایەنگیرییە بۆ دژایەتیکردنی (ئیسلامی سیاسی) زۆر بەروونی دەرکەوت لەکاتێکدا پێویستە (رۆژنامەی ئەهلی) خۆی بێلایەن بگرێت لە دژایەتیکردنی هەر فیکرو ئایدیایەکو داکۆکی لە جیاوازیی دەنگە جیاوازەکان بکات، چونکە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا چۆن حیزبو سەندیکاکان پایەیەکی پتەوی ئەو کۆمەڵگایە بینا دەنێن، رۆژنامەی ئەهلی–یش دەنگێکە لەناو ئەو بنەمایەدا، جگەلەوەی لەو هەلومەرجەدا کە (ئەمڕۆ)ی تێدا بلاۆبووەوە گەرمەی شەڕی ناوخۆ بوو، دەبوو بە هەق وەك رۆژنامەیەکی ئازاد هاتبوایە مەیدانەکەوە.

ئۆپۆزسیۆن بوونی رۆژنامەی ئەهلی دەبێت لە خەونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بێت، نەك لە شەرپێفرۆشتنی رۆژنامەوە لەگەڵ دەسەڵات هاتبێت، بەڵام هەندێ جار ئەمە تەواو پێچەوانە دەکەوێتەوە، ئەمەش کاتێك دەبێت کە رۆژنامەکە خۆی بەلایەنێك دەزانێت بەرامبەر بە دەسەڵات تا رادەی ئەوەی هەوڵدەدات لە رێگەی هێنانە قسەی تیرۆرستەکان بیورووژێنێت، ئەمەش تەواو پێچەوانەی وەزیفەی بەرپرسیارێتی رۆژنامەوانییە، چونکە لە رەخنەگرتن دێتە دەرەوە ودەیکاتە پانتاییەك بۆ قسەکردنی توند رەوەکان، ئەوانەی دژی کۆمەڵگای کراوەن، بەمەش رۆژنامەکە متمانەی ئەهلیبوونی دەدۆڕێنێت، وەکو بلاۆکردنەوەی پەیامو فەتواکانی گروپی (ئەنسارولئیسلام) لە رۆژنامەی (هاوڵاتی)دا، یان سازدانی دیدارو چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵیاندا، یاخود وەك لە رۆژنامەی (سپێدە) دا رێ بە کۆمۆنیستێکی توندڕەو دەدرێت کە بڵێت، (دەبێت یەکێتی داوای لێبوردنمان لێبکات) ئەمە ئەو دیدە ئازادە نیە کە دەبێ رۆژنامەی ئەهلی هەیبێت ، بەڵکو هەڵگرتنی گوتارێکی تاسەر ئێسقان ئایدۆلۆژییە لە جەوهەریدا، چونکە رۆژنامەی ئەهلی دەبێ دەنگی کۆمەڵگا بێت، نەوەك کەناڵێك بێت بۆئەوەی حیزبەکان دیسپلینی بکەن.[٧٨]

---

[٧٨] کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (٢٨٧٨)، پێنجشەممە ٢٠٠٢/١٠/٣، نیهاد جامی: رۆژنامەی ئەهلیو سەرنجێکی رەخنەگرانە، ل٨.

لەهەردوو حاڵەتەکەدا، رۆژنامەیەك ئەدرەسی سەربەخۆو ئەهلیبوون هەڵدەگرێت، کەچی دەبێت بە مینبەری بانگەشەی توندڕەوانە، ئەوە بەدەنگهێنانی دەنگە جیاوازەکان نیە، بەڵکو ڕێ خۆشکردنە بۆ هێزێکی ئایدۆلۆژی، لە یەکەمیاندا دەیەوێ دەنگی سەلەفیی خۆیو لەدووهەمیشیاندا دەنگی تاك حیزبی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا پەخش بکات.

دیاردەیەکی دیکە بەناوی ڕەخنەوە لە هەندێك لەو رۆژنامانە بەرچاودەکەون، کە بە حسێب لەپێناو بنەبڕکردنی دیاردە دزێوەکانە، وەك توانجدان لە بەرپرسی فەرمانگەیەکی بچوك، بەڕێوەبەری ناحیەیەك، سەرۆکی شارەوانی، قائمقام..تاد، بەلاّم ئەمە زۆر بۆ سەرەوە هەڵناکشێ، لەکاتێکدا سەرچاوەی ئەو دەرکەوتە دزێوانە هەرلە گەندەڵی ئیدارییەوە بگرە تا گەندەڵی دارایی سەروو ئەو دەزگا بچوکانەن، کەچی ئەمە زۆر بەکەمیو بەشێوەیەکی سادە دەبینرێت، وێڕای ئەوەی ڕەخنەکان ڕەخنەی قوڵ نین، ڕەخنەیەك نین ڕەگی راڤەکردنێکی جیدی تێدابێت، لەمەشدا رۆژنامەی (هەواڵ) لە پێشەوەی رۆژنامەکانی ترە.

هەروا لێرەوە جێی خۆیەتی بپرسین، بۆچی رۆژنامەیەکی ئەهلی دەستپێشخەری دەکات لە بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاری لەسەر تاکە لایەنێك یان حیزبێكو، ئامادەییشی تێدانیە تاکە بەڵگەیەك لەسەر لایەنەکەی دیکە بڵاوبکاتەوە؟ بۆیە لەکاتێکی وادا خوێنەر بابەتیبوون لەڕەخنەی ناو ئەو رۆژنامەیە نابینێتو نیشانەی سەرسوڕمانی بۆ دادەنێت، ئەمەش لە رۆژنامەی (جەماوەر)دا بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت، کە دواجار بەرهەمهێنانەوەی ئەو رقەیە کەلە بنەماکانی رۆژنامەی ئەهلی ئامـاژەمان پێداو، لە زەرورەتی کوشتنی دواین.[٧٩]

[79] کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە(٣٢٤٤)، یەکشەممە ٢٠٠٣/١٢/١٤، نیهاد جامی: رۆژنامەی ئەهلیو دۆڕاندنی متمانە، ل٧.

## باسی دووەم:
## کاریگەری رۆژنامەی ئەهلی لە بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردیدا

ئەو مۆدێلە رۆژنامەوانییەی کەلە کۆمەڵگای حیزبیدا دەست بەکارە، تەواو پێچەوانەی ئەو مۆدێلانەیە کە بە مەبەستی بنیاتنانو پیادەکردنی دیموکراسییەت بەرقەرارە، چونکە رۆژنامەیەك خولیای دیموکراسییەت ئیدارەی بکات لەگەڕانی بەردەوامدایە بەدوای هەواڵو زانیاری هەنووکەییدا کە سەرنجی خوێنەر راکێشێتو بەسودی کۆمەڵگا تەواوبێت، کەچی رۆژنامەی حیزبی بەدوای هەواڵو زانیاریی هەنووکەیی نەدۆزراوەدا ناگەڕێت، بەڵکو وێڵی دوای خوێنەرێکە کە تاقەتی بیستنی هەواڵو حیکایەتە حازرەکانی حیزبی هەبێت، لەم چەند دێڕەوە دەتوانین کاریگەری رۆژنامەی ئەهلی لەبەراورد لەگەڵ رۆژنامەی حیزبیدا لە بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردیدا دەست نیشان بکەین.[٨٠]

*رۆژنامەی ئەهلی لەکارکردنیدا وەك رۆژنامەیەکی سەربەخۆ رۆڵی میکانیزمێك دەبینێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریو هەواڵو بیرو بۆچوونی

[80] هاولاتی(رۆژنامە)، ژمارە (٩٨)، دووشەممە ١١/١١/٢٠٠٢، مەریوان وریا قانیع: رۆژنامەنووسو حیزب کێشەی مامەڵەکردنی رۆژنامەنووس وەك فەرمانبەر، ل٩.

جیاواز، لەکاتێکدا ڕۆژنامەی حیزبی ڕۆڵی ئامرازێکی حیزبی دەبینێت بۆ گەڕان بەدوای خەڵك و خوێنەردا.
*ئینتمای ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەی ئەهلیدا بۆ پرەنسیپەکانی کاری پیشەیی ڕۆژنامەوانییەو، لەبەرامبەریشدا لە ڕۆژنامەی حیزبیدا بۆ سیاسەت و ستراتیژو داواو خواستەکانی حیزبە.
*کاری سەرەکی ڕۆژنامەی ئەهلی ئاگادارکردنەوەو بەخشینی زانیارییەو، ئەویتر ڕۆڵێکی تەعبەوی دەبینێت لەبزاڤەکەدا.
*کەسی ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی ئەهلیدا، کەسێکە لەنێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتداران دایە، بەڵام ڕۆژنامەنووسی حیزبی بەردەستێکە لەبەردەستەکانی حیزب.
*بەشێکی گەورەی کاری ڕۆژنامەی ئەهلی بریتییە لەئاشکرا کردن، بەپێچەوانەشەوە کاری ڕۆژنامەی حیزبی، وەکو حیزب خۆی، بریتییە لەنهێنیکاریو شاردنەوە.

ئەگەر سیستمی سیاسی لەباشوری کوردستاندا، سیستمێك بێت هەڵگری بەشێکی گەورە لە کلتوری شەڕی چەکداریو ئەو جەنگە خوێناویانەی کەباڵەکانی ناو جولانەوەی نەتەوەیی کوردی دژایەتی یەکتریان پێکردبێت، سیستمی دادگاش لەزۆر ڕووەوە درێژکراوەی هەمان ئەو سیستمی دادە کۆنە بێت کەزیاتر لە سی ساڵە مرۆڤی کوردی پێ بچوك و زەلیل دەکرێت، ئاخۆ دەبێ لەم پەراوێزەی ئازادی دوای ڕاپەڕیندا کاریگەری ڕۆژنامەی ئەهلی لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریدا چی بێت؟

لە پێش هەموو شتێکەوە گەر لە کورتترین پەرەگرافدا لە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی پاش ڕاپەڕین بدوێین لە دروستکردنی ڕای گشتی دا، دەکرێ لەو خاڵەدا چڕی بکەینەوە کە نەیتوانیوە ببێتە ئەو بەشدارە جیددیەی دروستکردنی ڕای گشتی، بۆیە ئەوەندەی ڕووداوە واقیعیەکان ڕای گشتی یان گەڵاڵە کردووە[٨١] بەقەد ئەوە ڕۆژنامەکانمان نەیانتوانیوە ئەو ئەرکە گرنگەی سەرشانیان بە ئەنجام بگەیەنن.

---

[81] ڕۆژنامەوان (ڕۆژنامە)، ژمارە (٧)، یەك شەممە ٢٠٠٢/٥/٥، ئازاد جندیانی لەسەر ئازادیو ئازادی ڕادەربڕین لە کوردستاندا دەدوێت گفتوگۆی: سەرنووسەر، ل١١.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا رۆژنامەی ئەهلی لەم ناوچەیەدا، هیچی نەکردبێت تارادەیەك خەریکە گەڕانو خوێندنەوەی بابەتە نهێنیو بڤەکان لای خوێنەری کورد بکاتە نەریتو، بەمەش کاریگەری بەرچاوی هەبێتو لەپێش هەمووشیانەوە بەرزکردنەوەی تیراژی خۆیو دۆزینەوەی بازاڕ بۆخۆی، ئەمەش دەکرێت بەقوڵکردنەوەی زیاتری رەخنەکانیو، باشترکردنی زمانەکەیو، کرانەوەی پتر دەست بەو دەسکەوتەوە بگرێت.

ئەگەر بەر لەرۆژنامە ئەهلییەکان، لە تەنها لاپەڕەیەکداو بەناونیشانی (داواکاری هاوولاتیان) یان لەژێر هەر ناوێکی تر، هەندێك لەوداواو سکالایانەی خەڵکو، بەمەبەستی دەنگ راگەیشتنیان بەکاربەدەستو ئەو بەرپرسە ئیداریو حزبیانەی کەراستەوخۆ نایانگەنێ، بلاوکرابێتنەوە، ئەوا ئەم ئاسۆیە، لەرۆژنامەی ئەهلیدا گەورەو گەورەتر بینراو، ئەگەر لە رۆژنامەی حیزبیدا سانسۆر لەسەر هەندێ بابەت هەبووبێت، لەمیاندا ئەمەش نەبووە یان بەم رێژەیە نەبووە.

پرسیار دەکەین، دەبێ حیکمەتی ئەهلی بوونی ئەو رۆژنامەیە لە کوێدا بێت کەبەناوی رۆژنامەی ئەهلیی ژنان دەردەچێت، کەچی ژمارە (سفر)ی بەناوی رێکخراوێکی ئافرەتان کەسەر بەحیزبێکی سیاسییە دەرچووە، ئەمەش رۆژنامەی (پێگە)یەو یەکەمین ژمارەی بەهەمان ناوو هەمان سەرنووسەرەوە بەخاوەنداریتی ئەو رێکخراوە دەرچووەو پاش ماوەیەك هەمان ناو، بەلام بەخاوەنداریتی سەرنووسەرەوە بلاوبۆتەوە. ئەگەر ئەم رۆژنامەیە پاش سەرلەنوێ دەرچوونەوەی شوناسێکی ئەهلیبوونیشی بۆخۆی دروستکردبێت، سەرلەنوێش ئەو رقەی بەرهەمهێناوەتەوە بەرامبەر ئەو رێکخراوەو رێکخراوەکانی تری ئافرەتانو ژنان، کەئەمەش دیسانەوە ناکۆك دەبێت لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی رۆژنامەی ئەهلی.

هــەروەها دەبــێ ئــەوەش بــزانین کــە رۆژنامــە ئەهلییــەکانمان (هــاوڵاتی)ی لێدەرچــێت، هــەمووی لــەوەزارەتی رۆشــنبیریی حکومــەتی هەرێم (ئیـدارەی سـلێمانی) مەنحـە وەردەگـرن، ئەمـەش بەگەڕانـەوە بـۆ گـرنگترین پرەنســیپی رۆژنامــەی ئــەهلی کــە بریتیــیە لــە (ئــابووریی سەربەخۆ) جڵەو کردنێکی پێشوەختی ئەو رۆژنامانە دەردەخات، چـونکە ناکرێ تۆ رۆژنامەی ئـەهلی بیـت بەشـێکی زۆری پشـت بەسـتنی داراییـت لەســەر حکومــەت بێــت، ئــەوە جگــە لــەوەی بەرزکردنــەوەی تــیراژو دۆزینەوەی بازاڕو خۆ ژیاندنت بەداهاتی خۆت فەرامۆش کردبێت.

# ئەنجام

لەئەنجامی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەوەی،

* رۆژنامە ئەو ئاوێنە رەمزییە گەورەیەیە کە وێنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا پیشانی خودی کۆمەڵگا دەداتەوە.
* رۆژنامەی ئەهلی ئۆرگانێکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنیو پێداویستیەکی ژیانی دیموکراسیانە پێکدەهێنێو لەگرنگترین پرەنسیپەکانی (سەربەخۆ بوون، ئابووری سەربەخۆ)یە، کە لەباشوری کوردستاندا دەگمەنە ئەو رۆژنامە ئەهلییەی ئەم بنەمایانەی تێدا ئامادەبێت.
* هەموو قسەکردنێك لەمەڕ رۆژنامەی ئەهلی قسەکردنێکی بێ ناوەڕۆك دەبێت، ئەگەر دەستوورێك نەبێت لەرێگەی لەیەکجیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکەوە دۆخێکی خولقاندبێ کەئەو رۆژنامەیە بتوانێت لە دەرەوەی فشاری حیزبو دەسەڵاتدا کار بکات.
* لەهەر کۆمەڵگاو وڵاتێکدا، ئەگەرهێزی سیاسی هەبوو، میلشیای چەکدار هەبوو، توندوتیژی هەبوو، زیندان هەبوو، ترس هەبوو، حساب بۆ یاسا نەکرا...دەبێت رۆژنامەی ئەهلیو ئازادو رۆژنامەنووسی ئازا هەبێت.

*کورد لەیەکەمین هەوڵی لەبواری دەرکردنی رۆژنامەدا بە (ئەهلیبوون) دەستی پێکردووەو کاریگەریشی هەبووە، کەچی تا دەیان ساڵ دوای ئەمە (رۆژنامەی ئەهلی) لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونی نەبووە.

* دژواری هەلومەرجی سیاسیو ئابووریو كۆمەلایەتیو رۆشنبیریی دوای راپەڕین بۆشایی هاتنە كایەی رۆژنامەی ئەهلی دروستكردووە لەلایەكو لەلایەكی تریش هێزە سیاسییەكانی كوردستانو دەسەلاتی كوردی لەمپەرێكی بەردەمی بوون.
* دیاردەی زۆرو بۆری رۆژنامەو گۆڤارو بلاوكراوە لەباشوری كوردستاندا نیشانەی دیموكراسی نیە، بەلكو زۆرجار بەپێچەوانەوە هێمای نەبوونی دیموكراسیە، چونكە بەلگەی ئەوەیە (ئەم) رێگا بە (ئەو) نادات لەسەكۆیەكەیەوە قسە بكات، بۆیە ناچار دەبێت ئەویش مینبەرێك بۆخۆی بدۆزێتەوە.
* رۆژنامەی ئەهلی لە باشوری كوردستاندا ئەوەندە كراوە نییە ببێتە بانگەشەكارێكی یان بەشدارێكی كارای كۆمەلگای مەدەنیو كراوە.
* رۆژنامەی ئەهلی لەم ناوچەیە، هەندێ جار سازش لەهەندێ مەسەلەدا دەكات كەمەترسی دروست دەكات بۆسەر ئەهلیبوونی.
* وەك چۆن رۆژنامەی هەردوو حیزبە دەسەلاتدارەكە نەیانتوانیووە ببنە رۆژنامەی هەمووان (بەتایبەت لەرووی هەوالەوە)، ئاواش رۆژنامەی ئەهلی نەبووەتە رۆژنامەی هەموو كۆمەلگای كوردیی باشوری كوردستان، لەبەر ئەوەی تا ئێستا خوێنەری بەشی رۆژنامەی هەردووهێزە سەرەكییەكە هێشتۆتەوە.
* رۆژنامەی ئەهلی تا ئێستا نەیتوانیووە لەمەسەلەیەكی هەستیاری وەك یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكە ببێتە ئەو هێزی فشارەی كە رۆژنامە لەكۆمەلگادا رۆلی دەبینێت.
* دەرگای سەرچاوەكانی دەسكەوتنی هەوالو زانیاری لەبەردەم رۆژنامەی ئەهلیدا كلۆمدراوەو هەقی زانینی بۆ فەراهەم نەكراوە.
* رەخنە لە رۆژنامەی ئەهلیدا رێڕەوی راستەقینەی خۆی نەگرتووەو، زۆرجار رۆژنامەكە ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆی لە شەڕكردنیەوە دەبینێت

لەگەڵ دەسـەڵات، لەکاتێکدا دەبـێ لەخەونیـەوە بێت بەکۆمەڵگایـەکی خۆشگوزەران.

* هەندێ لەرۆژنامەی ئەهلی وەزیفەی خۆیـان ون دەکـەنو لاپـەڕەکانیان دەکەنە مینبەری وەعزدانی هێـزە تونـدڕەوەکان، کەبەئاشـکرا دژایـەتی کۆمەڵگا دەکەن.

* ئەو رەخنانەی بەناوی بنەبڕکردنی دیاردەی دزێوی ئیداری لەرۆژنامەی ئەهلییەوە ئاراستە دەکرێن لەدۆخی کەمخوێنیـەکی مەعریفیـدا دەژیـنو رەگی قوڵی لێکدانەوەیان نیە.

* تەرکیزکردنـە سـەر لایـەنێکو هـەرێمێك لـە رۆژنامـەی ئەهلیـدا ئەگـەری دۆڕانـدنی متمانــەی ئــەهلیبوونی رۆژنامەکــە زیــاتر دەکــاتو، زووتــر دەمامکەکەی لەڕوودا دەماڵرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

**أ- کتێبە کوردیەکان:**

١. **ئەرسەلان بایز ئیسماعیل (دکتۆر):**
سیمای شیعری کوردی دوای راپەڕین ١٩٩٢-٢٠٠٢(بە نموونەی شیعرەکانی-کوردستانی نوێ-وە)، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢. **بەختیار عەلی:**
وەڵام لە رۆژگاری ونبونی پرسیاردا(سیازدە چاوپێکەوتن)، چاپخانەی قانع، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣. **جەمال خەزنەدار:**
رابەری رۆژنامەگەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٣.

٤. **جلیلی جەلیل:**
بوژانەوەی رۆشنبیریو نەتەوەیی کورد، کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم-سەرەتای سەدەی بیستەم، و: لەعەرەبیەوە سدیق ساڵح، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٥. **حمە صالح فەرهادی:**
چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسی کوردی، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٨٨.

٦. **دێڤد بێتهام- کوین بۆیڵ:**
دیموکراسی چییە؟ (ئاشنا بوون بەدیموکراسی)، وەرگێڕانی: شۆڕش جوانڕۆیی، پێداچوونەوەی: یوسف زەڵمی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٧. **ژان پۆڵ مارسۆز:**
هەقتە بزانی، وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: شێرزاد حەسەن، چاپخانەی هەواڵ، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری - بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، زنجیرە ٨، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٨. **سەلام فەرەج (دكتۆر):**
ڕێبازی ڕۆمانسی، چاپەمەنیو كۆمپیوتەری دێیەر، سلێمانی، وانەكانی كۆرسی خوێندنی ٢٠٠٠-٢٠٠١ ی بەشی كوردیی كۆلێژی زمان- زانكۆی سلێمانی.

٩. **صلاح عزیز (دكتۆر) (نووسینو وەرگێڕان):**
ڕێنمای ڕۆژنامەنووسان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محسن ئەدیب، لە بڵاوكراوەكانی ASK ، چاپی یەكەم، ٢٠٠٢.

١٠. **چەند نووسەرێك:**
جیهانی سێیەمو گەڕان بەدوای ڕۆژنامەوانیی ئازاددا، وەرگێڕانی:هیمدادی حوسێن، زنجیرە كتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١١. **عەباسعەلی سەحافیان (دكتۆر):**
ئاشنابوون بە دیموكراسی، وەرگێڕانی: كارزان محەمەد، چاپخانەی تیشك، چاپی یەكەم، سلێمانی،٢٠٠٣.

١٢. **فەرهاد پیربالْ (دكتۆر):**
ڕۆژنامەگەریی كوردی بەزمانی فەڕەنسی، بڵاوكراوەكانی گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١)، هەولێر، ١٩٩٨/٤.

١٣. **فوئاد مەعسوم (دكتۆر):**
ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی یەكەم، ساڵی ١٩٩٧.

١٤. **كەمال سەعدی (دكتۆر):**
یاسای ڕۆژنامەگەری، چاپی یەكەم، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی OPLC پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەكان ژمارە (٦)، هەولێر،٢٠٠٣.

١٥. **كەمال فوئاد (دكتۆر):**
یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی ١٨٩٨-١٩٠٢، چاپی یەكەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٦. **كەمال مەزهەر (دكتۆر):**
مێژوو، (كورتەباسێكی زانستی مێژوو و كوردو مێژوو)، بەغدا، دار افاق عربیة، ١٩٨٣.

١٧. **کەمال مەزهەر (دکتۆر):**
تێگەیشتنی راستیو شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨.
١٨. **کەمال مەزهەر (دکتۆر):**
کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.
١٩. **مەم بورهان قانع:**
ئازادیی رۆژنامەنووسیی لە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان دا (توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە بۆ یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانیو عێراقیو گەڕانەوە بۆ نێو دانیشتنەکانی پارلەمان)، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرایەتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، چاپخانەی راز، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٠. **نەجاتی عەبدوڵلا:**
کێشەی سنوری عوسمانی– فارسی ١٦٣٩–١٨٤٧، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان، ٢٠٠٠.
٢١. **نەوشیروان مستەفا ئەمین:**
چەند لاپەڕەیەك لەمێژوی رۆژنامەوانیی کوردی، بەرگی یەکەم، ١٨٩٨–١٩١٨، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

**ب-کتێبە عەرەبیەکان:**
٢٢. البرت ل. هستر- وای لان ج. تو:
دليل الصحفي في العالم الثالث، ترجمة كمال عبد الرؤف، دار الدولية للنشر، القاهرة، ١٩٨٨.
٢٣. السلطان عبد الحميد:
مذكراتي السياسية، منشورات دار سعادت، الطبعة الرابعة، اسطنبول، ١٩٨٤.
٢٤. **اميل بواڤان:**
تاريخ الصحافة، ترجمة: محمد اسماعيل محمد، دار المصرية للطباعة و النشر، الاسكندرية، ١٩٤٩.

٢٥. جاسم محمد حسن:
العراق فى العهد الحميدى ١٨٧٨-١٩٠٩،
٢٦. جيهان مكاوى (دكتور):
حرية الفرد وحرية الصحافة، ط١، منشورات الهيئة المصرية للكتاب،١٩٨١.
٢٧. صلاح الدين حافظ:
احزان حرية الصحافة، ط٢، منشورات مركز اهرام للترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٩٧.
٢٨. عبدالله اسماعيل البستاني (دكتور):
حرية الصحافة، ط١، القاهرة، ١٩٥٠.
٢٩. عزيز السيد جاسم:
مبادىء الصحافة في عالم المتغيرات، ط١، منشورات دار افاق عربية، بغداد، ١٩٨٥.
٣٠. ف. فريزر بوند:
مدخل الى الصحافه، ترجمه: راجى صهيون، گ١، منشورات مؤسسه فرانكلين للگباعه والنشر، بيروت، مگابع مؤسسه أزبدران وشركائه، بيروت-لبنان، ١٩٦٤.
٣١. **ماليسانژ:**
القومية الكردية و د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين، ترجمة شكور مصطفى، من منشورات دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية- كردستان، اربيل، ٢٠٠٠.
٣٢. مصطفى الانصاري (دكتور):
العراق، الامم المتحدة، بنك المعلومات العراق، ١٩٩٨.
٣٣. محمد خليل امير:
علاقة الاكراد بمزابح الارمن، بلا، بلا.

**ج-گۆڤارو رۆژنامەکان:**

٣٤. **بیاڤ (گۆڤار):**
٣٥. ژمارە (٩)، بوهارا ٢٠٠٢، رێبین رەسوڵ ئیسماعیل: کۆمەڵگای مەدەنیو رۆژنامەگەری ئازاد.
٣٦. **سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان (گۆڤار)،**
ژ٢٩، ساڵی ٢٠٠٠، سلێمانی، کەمال خەیات (دکتۆر):
٣٧. **رۆژنامەوان (رۆژنامە):**
ژمارە (٧)، یەك شەممە ٢٠٠٢/٥/٥، ئازاد جندیانی لەسەر ئازادیو ئازادی رادەربڕین لە کوردستاندا دەدوێت گفتوگۆی: سەرنووسەر.
٣٨. **رۆژنامەڤانی (گۆڤار):**
ژ (٨)، ٢٠٠٢، د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی: رۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨-١٩٠٢ خوێندنەوەیەکی مێژوویی.
٣٩. **رۆژنامەڤانی (گۆڤار):**
ژ٨، ٢٠٠٢، مەحمود زامدار: رۆژنامەی کوردستان چەند بۆچوونو سەرنجێك.
٤٠. **رۆژنامەڤانی (گۆڤار):**
ژ٨، هەولێر، ٢٠٠٢، د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی: رۆژنامەی کوردستانو سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید، و: لەعەرەبیەوە عەبدولکەریم شێخانی.
٤١. **رۆژنامەی کوردستان:**
خولی سێیەم، ژ ١.
٤٢. **رۆژنامەی کوردستان:**
خولی یەکەم، ژ٢٨. شنبە جمال الاخر ١٣١٩، ایلول ١٣١٧.
٤٣. **رۆژنامەی کوردستان:**
ژ٥، ساڵی ١٨٩٨.
٤٤. **رۆژی نوێ (گۆڤار):**
ژ (١٢)، ١٩٦١.
٤٥. **رەهەند (گۆڤار):**
ژمارە (٢)، ١٩٩٧، بەرزان فەرەج (ئامادەکردن): چەند لاپەڕەیەکی رەش لەوەهمی دیموکراسیەتدا.

٤٦. **رەهەند (گۆڤار):**
ژمارە (٢)، ١٩٩٧، مێزگردێک لەنێوان (بەختیار عەلی، ئاراس فەتاحو مەریوان وریا)دا: وێنەو ترازیدیا.
٤٧. **کاروان (گۆڤار):**
ژ (١٢٠)، ١٩٩٨، مومتاز حەیدەری: دەوری رۆژنامەنووسیی کوردی لە پێ گەیاندنی هۆشیاری نەتەوەییو بزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا، ل٢٠.
٤٨. **کاروان (گۆڤار):**
ژ (١٢٠)، رەئوف حەسەن: (رایگشتی)و پەیامی (رۆژنامەگەریی) لەگەڵاڵەکردنیدا!.
٤٩. **کاروان(گۆڤار):**
ژمارە(١٨١)، نیسانی ٢٠٠٤، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا: میدیای کوردی لەدەرەوەو ناوەوەی خۆی.
٥٠. **کاروان(گۆڤار):**
ژمارە(١٨١)، نیسانی ٢٠٠٤، فەرەیدون سامان (چاوپێکەوتن): رۆژنامەنووسی کورد تائێستا نەیتوانیوە دەرگاکانی دەسەڵاتی کوردی بکاتەوە.
٥١. **کاروان (گۆڤار):**
ژ (١٢٠)، غازی حەسەن: پێشکەوتنی هونەری لەرۆژنامەگەری کوردیدا.
٥٢. **کوردستانی نوێ (رۆژنامە):**
ژمارە (٣٢٤٤) یەکشەممە ٢٠٠٣/١٢/١٤، نیهاد جامی: رۆژنامەی ئەهلیو دۆڕاندنی متمانە.
٥٣. **کوردستانی نوێ (رۆژنامە):**
ژمارە (٣٢٤٨)، ساڵی دوانزەهەم، پێنجشەممە ٢٠٠٣/١٢/١٨، ئەحمەد باوەڕ: بیری رۆشنگەری لەدەورەی یەکەمی رۆژنامەی کوردستاندا ١٨٩٨–١٩٠٢، ١–٢.

٥٤. **کوردستانی نوێ (رۆژنامە):**
ژمارە (٢٨٧٨)، پێنجشەممە ٢٠٠٢/١٠/٣، نیهاد جامی: رۆژنامەی ئەهلیو سەرنجێکی رەخنەگرانە.
٥٥. **کوردستانی نوێ (رۆژنامە):**
ژمارە(٣٢٤٤)، یەکشەممە ٢٠٠٣/١٢/١٤، نیهاد جامی: رۆژنامەی ئەهلیو دۆڕاندنی متمانە.

٥٦. **کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە ):**

ژمارە(٣١١٢)، سێشەممە ٢٠٠٣/٧/٨، نیهاد جامی: هاوڵاتیو کوردستانی نوێ لە گفتوگۆیەکی تاکرەهەندا.

٥٧. **هاوڵاتی (ڕۆژنامە ):**

ژمارە (سفر)، یەك شەممە ٢٠٠٠/١١/٥، ڕامیار مەحمود: ڕۆژنامەی ئەهلیو پرۆسێسی دیموکراسیەت.

٥٨. **هاوڵاتی (ڕۆژنامە ):**

ژمارە (سفر)، یەك شەممە ٢٠٠٠/١١/٥، توانا عوسمان: ئازادی ڕادەربڕینو ئەگەرەکانی.

٥٩. **هاوڵاتی (ڕۆژنامە ):**

ژمارە (٩٧)، دووشەممە ٢٠٠٢/١١/٤، مەریوان وریا قانیع: ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەنێوان حیزبو کۆمەڵگادا.

٦٠. **هاوڵاتی (ڕۆژنامە ):**

ژمارە (٩٨)، دووشەممە ٢٠٠٢/١١/١١، مەریوان وریا قانیع: ڕۆژنامەنووسو حیزب کێشەی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووس وەك فەرمانبەر.

٦١. **هاوڵاتی (ڕۆژنامە ):**

ژمارە(٩٩)، دووشەممە ٢٠٠٢/١١/١٨، مەریوان وریا قانیع: ڕۆژنامەنووسو حیزب کێشەی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووس وەك فەرمانبەر.

## سوپاس و پێزانین:

سوپاس و پێزانینی خۆم دەردەبڕم بۆ ئەو بەڕێزانەی کە لە سەرکەوتنی لێکۆڵینەوەکەم یان لە چاپکردنی رۆڵیان هەبوو:

- **بەڕێز حەمید ئەبوبەکرو دەزگای بەدرخان بۆ چاپکردنی.**
- **مامۆستای بەڕێز ئەبوبەکر خۆشناو کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردم.**
- **هاوڕێیانی ئەزیز: نیهاد جامی، محەمەد بابۆڵی، تەها حەمەنوری.**